Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-12

# بوژاندنەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە پێناو پەرەپێدانی گەشتیاری کەلتوری بەردەوام (ناوچەی گەرمیان بە نمونە)

**ئاری خلیل کامل,[1] مەبەست علی محمد امین,[2] ژیار صدیق رمضان[3] ,محمد علی کریم [4]**

1 بەشی شوێنەوار، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ، هەرێمی کوردستان-عێراق
2 بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان-عێراق
3 بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی دهۆک، هەرێمی کوردستان-عێراق
4بەڕیوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، هەرێمی کوردستان-عێراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر پەرەپێدانی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە ناوچەی گەرمیان و بەکارهێنانیان لە پێناو بوژاندنەوەی گەشتوگوزاری کەلتوریدا. گرنگترین شوێنە شوێنەواریە هەڵبژێردراوەکان کە بایەخی شوێنەواری وگەشتیاری گرنگیان لە ناوچەکەدا هەیە بریتین لە: (کۆشکی مەحمود پاشای جاف لە تازەدێ، داتاشراوەکانی سەربەردی دەربەندی بێلولە وشاخی خۆشک لە ناحیەی مەیدان، ئارامگەکانی سەید خەلیل لە کەلار، پەرستگای زەردەشتی لە دەربەندیخان) ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی گەشەسەندنی گەشتیاری کەلتوری وخزمەتگوزارییەکان بۆ ڕاکیشانی سەردانکەر یان گەشتیاری زیاتر بۆ ناوچەی گەرمیان و بەرزکردنەوەی داهاتی ناوخۆیی بە پشت بەستن بە داتاکانی چۆنایەتی وچەندایەتی لە داهاتی شوێنەواری و دیدگاکانی گەشتیاران. هەروەها بەرز نرخاندنی ڕۆڵی کۆمەڵگای ناوخۆیی لەم کەرتەدا زیاتر تیشك دەخرێتە سەری. هەوڵدەدەین لەم توێژینەوەیەدا، بگەین بە دەرئەنجامی گرنگی و ڕۆڵی پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری, لەوانەش گواستنەوە ومانەوە، هەروەها باشترکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان لە بەگەشتیاریکردنی ناوچەی گەرمیاندا، کە هۆکاری گرنگن لە ڕاکیشانی گەشتیاران وبەرزکردنەوەی ئەزموونی گەشتیاری، لەهەمان کاتدا کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوەی داهاتی دانیشتووان دەبێت. گرنگی ئەم دەرئەنجامانە لە پێشنیارکردنی دیدگای ڕووندایە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بە ئامانجی پەرەپێدان لە پلاندانانی گەشتیاری و دروستکردنی ستراتیژی کاریگەر لە گەشتیاری شوێنەواری لە ناوچەکەدا، کە بەشدارە لە هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات وبەرزکردنەوەی خۆشگوزەرانی ئابووری. کاریگەرییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوارچێوەی گەشتیاری کەلتوری تێدەپەڕێت ودەتوانێت پەیامدار بێت بۆ سیاسەتەکانی تری گەشەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان, ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە تێکەڵکردنی هۆکارە کەلتوری و مێژوویەکان لە پرۆسەکانی گەشە پێدان دەبێت.

| Article Info | |
|---|---|
| Received | April 2025 |
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

گەشتیار، شوێنەوار، کەلتور، پەرەپێدان، داهات.

**Corresponding Author**

ari.kamil@su.edu.krd
mabast.ali@garmian.edu.krd
Subarmuhamad68@gmail.com

## پێشەکی:

گەشتیاری شوێنەواری یەکێکە لە بوارە ئومێد بەخشەکان و ڕۆڵێکی کارا دەبینێ لە بەهێزکردنی ئابووری نیشتمانی، هەرێمی کوردستان میراتێکی دەوڵەمەندی کەلتوری هەیە و مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا. ئەو شوێنەوارانەی لە کوردستان ماونەتەوە، جێماوەی ئەشکەوت وگرد و قشلە و مزگەوتوو ومنارە وخان وسەرا وپرد و گۆڕ و خانووی کەلەپووری وچەندین شوێنەواری تر پێکدێت، هەریەکەیان بەهای شوێنەواری و کەلەپووری خۆی هەیە و دەروازەیەکن بۆ ئاشنابوون بە شێوازی ژیانی ڕابردوو، ئەم شوێنەوارانە بەجێماوێکی کۆن و بێ سودنین، بەڵکو بوونەتە پردێک ئێستا و ڕابردوو بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وایکردووە ببێتە شوێنێکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاری و سەردانیکەران ئارەزووی دەرککردن بە نهێنیەکانی ڕابردوو دەکەن. زۆرێك لە ولاتان هەوڵی پاڵپشتی کردنی کەرتی گەشتیاری کەلتوری خۆیان دەدەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ گرنگی شوێنەوار و کەلەپور.

بەجێماوە شوێنەواریەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی چ لە ڕووی ئاسایش و چ لە ڕووی ئابوورییەوە، بەڵام دەتوانن لە باشترکردنی ژێر خانی گەشتیاری شوێنەواریدا کاریگەری ئەرێنی بەرچاویان هەبێت. هەربۆیە دەبێت بە هاوکاری و چاودێری حوکمەتی خۆجێی ناوچەی گەرمیان و بە هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەوڵ بدرێت پاڵپشتی پێویست بۆ بڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ئێستا و باشترکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بۆ ناوچە شوێنەوارییەکان و پێویستیەکانی گەشتیاران پێشکەش بکات. پێشکەش کردنی زانیاری دروست و ئامادەکاری باش بۆ گەشتەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە بەرزکردنەوەی ئەزموونی گەشتیاری و دڵنیابوون لە گەڕانەوەیان لە داهاتوودا، پێویستە کارمەندی ناوخۆیی ڕابهێنرێن لە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گەشتیاران بە بیرۆکەی جۆراوجۆر وسەرنجڕاکێش وگرنگیدان بە کەلەپور و مێژووی کۆنی ناوچەکە، سەرەڕای گەندەڵی وخراپی بەڕێوەبردن، وەبەرهێنان لە کەرتی شوێنەوار و کەلەپوردا دەتوانرێت ببێتە خاڵێکی وەرچەرخانی گەشتوگوزاری بۆ ناوچەکە بە تەرەخانکردنی بودجەی پێویست. گەشتیاری شوێنەواری بە ئامرازێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ دروستکردنی داهات ودابینکردنی هەلی کار لە بوونی هەوڵی یەکگرتوودا، هەرێمی کوردستان دەتوانێت خۆی وەك شوێنی گەشتیاری پێشەنگ بەدەستبهێنێت لە سەر ئاستی ناوچەکە ئەویش لە ڕێگەی گرتنە بەری ستراتیەجیە گەشتیاری بە پێی پێوەرە ستانداردە نێودەوڵەتیەکان.

گرنگی لێکۆڵینەوە لە بواری گەشتیاری شوێنەواری وەکو هەوڵێکە بۆ گەیشتن بە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەلایەتی و پێشخستنی ئەم جۆرە گەشتیاریە، ناوچەکە دەتوانێت سوود لە میراتە دەوڵەمەندەکەی وەربگرێت وگەشتیارانی بە لای خۆیدا ڕابکێشێت، ئەمەش دەبێتە باشترکردنی داهاتی نیشتمانی و دابینکردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانەکەی، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئابووری ناوخۆیی. هەروەها ئامانجێکی تری ئەم توێژینەوەیە هۆشیارکردنەوەی خەڵکە لە گرنگی پاراستنی شوێنەوارەکان و پەرەپێدانی بەردەوام. پاراستنی میراتی شوێنەواری و کەلەپوری پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، لە وانەش پەرەپێدانی ستراتیژیەتی پاراستن ونۆژەنکردنەوی بەردەوام بۆ هەر شوێنەوارێك لە ناوچەکەدا.. هەروەها گەشتیاری شوێنەواری دەکرێت ببێتە سەکۆیەکی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتورەکان وبەرزکردنەوەی لێکتێگەیشتن لە نێوان گەلان. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێویستی بە هاوکاری بەردەوام هەیە لە نێوان دەزگاکانی حکومەت ورێکخراوە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، ئەمانەش لە ڕێگەی دروستکردنی هۆشیاری و زیادکردنی وەبەرهێنان لە بوارە ڕۆشنبیرییەکان، کە ناوچەکە دەتوانێت پێگەیەکی دیار لە سەر نەخشەی گەشتیاری هەبێت.


## تەوەری یەکەم/ ڕەهەندە گشتیەکانی گەشتیاری کەلتوری:

### ١,١ پێناسەی گەشتیاری کەلتوری:

گەشتیاری کەلتوری بە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین جۆرەکانی گەشتیاری دادەنرێت، بەو پێیەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە گەشتیار/سەردانکار و شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکانەوە هەیە، کە ڕەنگدانەوەی میراتی کەلتوری ومێژوویی گەلانن، ئەمەش دەرفەتێك بۆ گەشتیار دەڕەخسێنێ کە بە دوای ڕووداوەکانی ڕابردوودا بگەڕێت و لە بەها کەلتوریەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان تێبگات (ملوخیە، ٢٠٠٧: ٢٣،٢٨)، ئەم جۆرە گەشتیاریە بریتییە لە سەردانیکردنی شوێنە گەشتیارییە دێرینەکان کە پێکهاتوون لە ناوچەی شوێنەواری و کەلەپوریەکان و مۆزەخانەکان لە ناوچەی گەرمیان کە دەکەونە سنووری لێکۆڵینەوەکەمان، جێماوی شوێنەواری و کەلەپوری دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی سەرنجی گەشتیاران بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ، چونکە ئەم جۆرە ئەزموونانە دەتوانن پەیوەندی گرنگ لە نێوان کەلتورە جیاوزەکان دروستبکات (تیزینی، ٢٠٠٨: ٧).

گەشتیاری شوێنەواری هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ئابوری بەردەوام، دەکرێت ئەو شوێنەوارانە ببنە پاڵنەرێك بۆ گەشەسەندنی ئابوری و باش کردنی ژێرخانی ئابوری. لێکۆڵینەوە نوێیەکان دەرخستەی ئەوەن کە جێبەجی کردنی سیاسەتێکی گونجاو دەتوانرێت یارمەتیدەر بێت لە پاراستنی ونوێژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان (العبیدی، ٢٠٢٢: ٤٧،٣١). بەڵام پێویستە هاوسەنگیەك ڕابگیرێت لە نێوان پاراستنی میراتی کەلتوری ودابینکردنی پێداویستیەکانی کۆمەڵگای ناوخۆیی (الطاهر والیاس، ٢٠١٢: ١٢، ٢٢). گرنگیدان بە هۆشیاری شوێنەواری لە نێوان گۆمەڵگادا دەتوانێت بەشداربێت لە هەوڵەکانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە پاراستنی ئەو شوێنەوارانەی دەکەونە سنووری ناوچەکەیان (ملوخیە، ٢٠٠٧: ٥١) ئاڵەنگارییەکانی بەرامبەر گەشتیاری شوێنەواری تەنها لایەنی ئابوری نین، بەڵکو پرسەکانی پاراستنیش لە خۆ دەگرێت (الغویرین، ٢٠٢٤, ٤٥٩، ٤٧٨)، سەرەڕای هەوڵدانێکی زۆر بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکانی هەرێمی کوردستان بە گشتی و گەرمیان بە

تایبەتی، هێشتا بە دەست پشتگوێخستنەوە دەناڵێنن کە لە ئەنجامی نەبوونی پلانێکی بەڕێوەبردنی کاریگەر و کارلێکی ئەرێنی گۆمەڵگاوەیە، بۆ بەدەستهێنانی ئەمەش پێویستە هاوکاری وپەیوەندی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارە حوکمی وڕێکخراوە تایبەت و ناحوکمیەکاندا هەبێت، هەروەها گرنگی دان بە بەشداریکردنی کۆمەڵگای ناوخۆیی لەم پرۆسەدا و دەتوانێت بەشداربێت لە پاراستنی میراتی کەلتوری وپێشخستنی کەرتی گەشتیاری لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی ناوچەی گەرمیان (نەخشەی ژمارە ١).




**نەخشەی ژمارە ١: گرنگترین ئەو ناوچە شوێنەواری و مێژووییانەی ناوچەی گەرمیان کە بەهای گەشتوگوزاریان هەیە (توێژەران).**

## ٢,١ گرنگی و بایەخی گەشتوگوزاری کەلتوری:

جیهانگیری و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن کاریگەری دوولایەنەیان لەسەر کەلتور و کەلەپور و ناسنامەی نەتەوەیی هەیە، لە لایەکەوە مایەی سودن و لە لایەکی دیکەوە مەترسی و هەڕەشەن بۆسەر لەناوچونیان ئەگەر بە وریایی و ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریە سەردەمیەکاندا نەکرێت. یەکێک لە مەترسیە سەرەکیەکانی جیهانگیری، شار و ناوچەکان، میراتی کەلەپوری خۆیان لەدەست دەدەن و لەگەڵ ڕەوت و پێشکەوتنە جیهانیەکاندا خۆیان دەگونجێن، ئەمەش دوریاندەخاتەوە لە زیندووکردنەوە و بوژاندنەوەی نەریت و مێژوو و بەها کەلتوری و کەلەپوریە ناوخۆییەکان. هەربۆیە گەشەسەندنی ئابووری کە بەهۆی گەشتیاری کەلەپوری نێودەوڵەتییەوە دەبوژێتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگە بچووکەکاندا، تەمەنی کورت دەبێت و لە پێشکەشکردنی سود و گرنگیەوە دەگۆڕێن بۆ کەرەستەی فەرامۆشکراو و بێبایەخ ( Valčič and Domšić 2012: 131). دەوڵەتە بچوکەکان کە توانای ئابوری سنورداریان هەیە، پێویستە بە ئاگاییەوە هەنگاو بنێن بەرەو کرانەوەی نێودەوڵەتی و گەڕان بەدوای سەرچاوەی ئابوری نوێدا. بۆ نمونە، هەرێمی کوردستان کە خاوەنی ژێرخان و سەرمایەیەکی دەوڵەمەندی شوێنەواری و کەلەپوری و مێژووییە، پێویستە وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاری کەلەپوریدا بکات، لە لایەکەوە دەبێتە سەرچاوەیەکی ئابوری بەهێز و ڕەخساندنی هەلیکار، لە لایەکی ترەوە پارێزگاری لە مانەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان دەکات کە سەرمایەیەکی نەتەوەیی گرنگ و شوناسی وڵاتەکەی پێوەبەندە.

گەشتوگوزاری شوێنەواری بە یەکێک لە هەرەگرنگترین سەرچاوەکانی ئابوری و ڕەخساندنی هەلیکار ئەژمار دەکرێت لە سیستمی ئابوری ئەمرۆی جیهاندا. پشت بەستن بە داتا خەمڵێنراوەکانی ڕێکخراوی گەشتوگوزاری جیهانی، گەشتوگوزاری شوێنەواری ڕێژەی نزیکەی (٪٤٠)ی

کۆی گەشتوگوزار پێکدەهێنێت. ئەم جۆرەی گەشتوگوزاریش بەوە پێناسەکراوە کە ئەو شێوازە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆری کەلتورە سەرنجڕاکێشەکان هۆکاری سەرەکین لە هاندانی گەشتکردن و سەردانکردنی شوێنێکی دیاریکراو، ئەمەش بواری تێگەیشتن لە جەوهەری کەلتوری شوێنی مەبەست و دەوڵەمەندکردنی یادەوەری گەشتیار دەبەخشێت لە ڕێگەی ئەزموونکردنی کۆمەڵێک بەرهەمی کەلتوری ماددی و مەعنەوی لە لایەن بەکاربەرەکانی گەشتیاری کەلتوری کە شوێنەوار، مێژوو، هونەر، بیناسازی، مۆسیقا، ئەدەب، نەریت، میراتی خۆراکی و جلوبەرگ و بۆنە و مەراسیمە کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان لەخۆدەگرێت (Ammirato et al., 2022: 1943). کوردستانیش کە خاوەنی شارستانیەتێکی دەوڵەمەندە بە هەردوو جۆری میراتی بەرجەستە و نابەرجەستەیی، کە بایەخێکی گرنگی نەتەوەیی و ئابوریان هەیە و دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بۆ کۆمەڵگە و حکومەت. چاودێریکردن و دیاریکردنی کاریگەرییە ئابوورییەکانی گەشتیاریی کەلەپوری لە هەرێمی کوردستاندا پێویستە، چونکە بە بازاڕکردن و گەشتیاریکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان، دەتوانرێت سەرچاوە نا ئابوورییەکان بگۆڕدرێن بۆ سەرچاوەی ئابوری گرنگ. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی گەشتیاریی کولتووریش لە ڕێگەی دیاریکردنی کاریگەریە ئابوریەکانەوە دەبێت، کە بنچینەیە بۆ پلانی ستراتیژی ئامانجدار بە مەبەستی زیادکردنی کاریگەرییە ئابوورییەکان لە ڕێگەی بەهادارکردنی سەرچاوە کەلتوریەکانەوە.

دوو چەمکی سەرەکی پەیوەندیدارن بە پرسی گەشتوگوزارەوە و پێویستیان بە تێگەیشتن و ناساندن هەیە ئەوانیش گەشتوگوزاری بەردەوام و گەشتوگوزاری کەلتوری. گەشتوگوزاری بەردەوام: چەمکێکی گەشتوگوزاریە و مەبەست لێی پەرەپێدان و زیادکردنی بەردەوامی هێزی گەشتیارە کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر ژینگە و ئابوری هەر ووڵات و ناوچەیەک هەیە. بەڵام گەشتوگوزاری کەلتوری: بەوە پێناسە کراوە کە گەشتیار سەرنج دەخاتە سەر مێژوو و ناسنامەی تایبەتی شوێنێک و بەرپرسیارێتی پاراستنی سەرچاوە مێژوویی و کەلتوریەکان لە ئەستۆدەگرێت. لە هەمانکاتدا، گەشتوگوزاری کەلتوری لە پەیوەندیەکی ئەرێنی و تەبادایە لەگەڵ پەرەسەندنی ئابوری ووڵاتدا، کاریگەریە ئەرێنیەکەشی پەیوەستە بە ئاستی بەشداریکردن و ئامادەیی کۆمەلگە ناوخۆییەکان لە بواری وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاری کەلەپوری و کرانەوەیی و ئاستی تێگەیشتنییان بەرامبەر بەکارهێنانی میراتە کەلتوریەکان لە بوارە ئابوریە جۆراوجۆرەکان، نەک تەنها وەک ئامرێزێکی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری بەکاربهێنرێت و نمایش بکرێن (Brida et al., 2013:111).

گەشتیاری کەلتوری کاریگەری هەمەجۆریی پێکەوە بەستراوی هەیە کاتێک هێزی ڕاکێشانی گەشتیاری بەردەوامی هەیە، چونکە خەرجیە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆکانی گەشتیار کاریگەری لەسەر بوژاندنەوەی ئابوری تاک و کۆمەڵگە دەبێت. هەربۆیە شارەزایان کاریگەریە هەمەجۆریەکانی گەشتوگوزاری شوێنەواریان بۆ سێ جۆر پۆلێنکردووە ئەوانیش: کاریگەری ڕاستەخۆکان (direct affects)، کاریگەریە ناڕاستەوخۆکان (indirect affects) و کاریگەری هاندان (induced affects). بەم شێوەیە پەیوەندیەکی ڕاستەخۆ لە نێوان ڕاکێشانی هێزی گەشتیار و زیادەی بەرهەمهێنان لە پێویستیە خوازراوەکانی گەشتیار و بەرهەمهێنانی کاریگەر لە پیشەسازی گەشتیاری شوێنەواریدا دروست دەبێت. مەبەست لە کاریگەری ڕاستەخۆ ئەو خەرجیە ڕاستەخۆیانەی گەشتیار دەگرێتەوە کە لە سەردانکردنی شوێنە کەلەپوریەکان، شوێنی مانەوە و بریکارەکانی گەشتکردن (travel agency)، هێڵی فڕۆکەوانی و ڕێبەرە گەشتیاریەکاندا ئەنجامی دەدات. کاریگەریە ناڕاستەخۆکانیش ئاماژەیە بۆ خەرجی نیوەندگیری، ئەمەش ئەو خەرجیانە دەگرێتەوە کە لە پێناو بەرزکردنەوەی داهات و سەرنجڕاکێشانی زیاتری گەشتیاری ئەنجامدەدرێت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی کوالیتی خزمەتگوزاریەکان لە شوێنە گەشتوگوزاریەکان. کاریگەری هاندانیش ئاماژەی بۆ ئەو سودمەندبوانەی کە بەشێوەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەخۆ لە پیشەسازی گەشتوگوزاری کەلەپوریدا دامەزراون و سودمەندن لە ئەو وەبەرهێنانەی کە لە بواری گەشتوگوزاریدا ئەنجامدراوە (Zedel and Bogdan, 2013: 358).

پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کەلتوری ڕۆڵی چالاک و بەهێز دەگێڕێت لە ڕەخساندنی هەلیکار و کەمبونەوەی ڕێژەی هەژاری لە نێو کۆمەڵگە ناوخۆییەکان. بە بڕوای (Turner and Sears, 2013: 63) پیشەسازی گەشتوگوزاری نزیکەی ٩٨ ملیۆن هەلیکاری ڕاستەوخۆی ڕەخساندووە کە دەکاتە ڕێژەی ٪٣ی کۆی هەلیکاری ڕەخسێنراو لە پیشەسازیە جۆراجۆرەکانی دیکە لە جیهاندا، بەڵام کاتێک کاریگەریە ناڕاستەخۆکانی گەشتوگوزاری کەلتوری بۆ زیاد دەکرێت، ئەوە لە هەر ١١ هەلیکارێک، هەلێکی کار لە بواری گەشتوگوزاری کەلتوریدایە لە جیهاندا. پشت بەستن بە داتا جیهانیەکان ژمارەی هەلیکاری ڕەخسێنراو لە بواری گەشتوگوزاری کەلتوری زیادیکردووە لە ٢٩بۆ ٣٠ ملیۆن لە نێوان ساڵی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ و پێشبینی دەکرێت ڕێژەکەش بۆ ٣٩ ملیۆن بەرزدەبێتەوە لە ساڵی ٢٠٢٥. ئەمەش بەهۆی بەرزبونەوەی خواستی جیهانی لەسەر گەشتکردن بۆ شوێنە کەلەپوریەکان وەک مۆزەخانە و پارک و ناوەندە کەلتوریەکان. هەربۆیە پەیوەندیە ئەرێنیەکان لە نێوان زیادبونی خواستی گەشتوگوزاری کەلتوری و بەرهەمهێنانی داهات و ڕەخساندنی هەلیکرادا هەیە لە وەگەڕخستن و پەرەپێدانی پیشەسازی گەشتوگوزاری کەلەپوریدا (Chong and Balasingam, 2019: 271). سەرەنجام وەبەرهێنان لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان و بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزاری کەلتوری لە کوردستان، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕەخساندنی هەلیکار و بەرزکردنەوەی داهاتی تاک، ئەمەش کاریگەری لەسەر داهاتی گشتی دەبێت. سودێکی گرنگتر ئەوەیە کە هاوکاری ڕاستەخۆی دامودەزگا میریەکان دەکات لە پاراستنی شوێنە شوێنەواریەکان و بەرگری لە وێرانبوون و لەناوچوون دەکات چونکە ئەو کەسانەی کە ڕاستەخۆ سەرچاوەی داهاتەکانیان لە ڕێگەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکانەوە دەست دەکەوێت، ئەرکی پاراستنی ئەو شوێنانە لەئەستۆ دەگرن، ئەمەش وادەکات بڕی تێچووی دامودەزگا میریە پەیوەندیدارەکان لە پارێزگاریکردن لەو شوێنانە کەمتر بکاتەوە.

سەرباری بایەخە ئابوریە گرنگەکەی، میراتی کەلەپوری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستنی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی. شوناسی نەتەوەیی هەر میللەت و نەتەوەیەک بەندە بە ئاستی هۆشیاری ئەو میلەتەوە بە مێژوو و شارستانیەتی خۆی. ئەمەش وایکردووە کە پارێزگاریکردن لە مانەوەی پاشماوە کەلەپوری و شوێنەواریەکان ببێتە پێویستیەکی سەردەمی لە نێو گەلانی جیهاندا بە مەبەستی زیندوو هێشتنەوەیان لە نێو یادەوەری تاکەکانی کۆمەڵگەدا، چونکە لە ڕێگەی چوارچێوە هاوبەشە مێژوویی و کەلتوریەکەیەوە، میراتی کەلەپوری و شوێنەواری هەستی هاوبەشیبوون و شانازیکردن لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە دروست دەکات و لەم سەردەمی جیهانگیریەدا، پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی و بوونی تاک دەکات لە نێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهاندا(Smith, 1991: 20). هەروەها ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردن و پەرەپێدانی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی لە نێو کۆمەڵگە فرە کەلتوریەکاندا، میراتی کەلەپوری و شوێنەواری دەبێتە هێزی یەکگرتوویی نێوان جیاوازیە نەژادی و ئاینی و زمانەوانیەکان. بۆ نمونە فێستیڤاڵ و بۆنە نەتەوەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان و هێما بەرجەستەییەکان دەبنە خاڵی کۆکەرەوەی ڕەگەزە کەلتوریە جیاوازەکان و ڕۆڵی گرنگ لە دروستکردنی هەستی هاوبەش و شانایکردن لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەکەن، لە ڕێگەی پەرەپێدانی بەها هاوبەشەکانەوە ڕەوایەتی ناسنامەی نەتەوەیی بەهێز دەکات (Ashworth et al., 1997: 3, 150). هەرچەندە بەربەست و ئاڵەنگاریەکانی بەردەم پاراستن و زیندووهێشتنەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان زۆرن لەوانە: گۆڕانی کەشوهەوا، فراوانبونی شارنشینی و چالاکیە کشتوکاڵیەکان و شەڕ و ململانی سیاسیەکان. بەڵام لە هەرە گرنگترین ڕێگاکانی پارێزگاریکردن لە مانەوەی شوێنەوار و کەلەپور بریتیە لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواری و بە گەشتیاریکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان، چونکە لە ڕێگەی پاراستن و بە گەشتیاریکردنی سەرچاوە کەلەپوریەکان دەتوانرێت بکرێنە ئامرازێکی بەهێز بۆ ئاشناکردنی خەڵک و نەتەوە بیانیەکان بە مێژوو و شارستانیەتی ئەو نەتەوەیە. هەربۆیە، گرنگترین ڕێگەی سەردەمی بۆ بەرزکردنەوەی ئاگایی و هۆشیاری خەڵک و دانیشتوان بەرامبەر ناسنامەی نەتەوەیی بریتیە لە ئاشناکردن و فێرکردنی کۆمەڵگە بە میراتە نەتەوەییەکان لە ڕێگەی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کەلەپوریەوە. هەروەها ڕێگەیەکی گرنگە بۆ چەسپاندنی بەهاکانی مرۆڤایەتی وەک ڕێزگرتن لە بۆچونە جیاوازەکان، نرخدانان بۆ ناسنامەی تاک و تێگەیشتن لە بەها نەتەوەییەکان (Zagade, et al., 2020: 913).

### ٣,١ گەشتیاری بەردەوام چییە وگرنگترین ستراتیژییەکانی:

بەردەوامی ڕێبازێکی گشتگیرە کە چەمکی ئابووری وکۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان تێکەڵ دەکات و بە یەکەوە دەیانبەستێتەوە. پێناسەی بەردەوامی تەنها تایبەت نیە بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێستا بەڵکو لەمەش تێدەپەڕێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نەوکانی داهاتوو دەتوانن پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی گرنگی گەڕان بە دوای هاوسەنگی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە چوارچێوەی گەشتیاریدا، بە تایبەتیش گەشتیاری شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان، بەردەوامی واتا پاراستنی شوێنەوارەکان وباشترکردنی کواڵیتی خزمەتگوزارییەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و هەروەها لەهەمان کاتیشدا گەیاندنی خزمەت گوزاریەکان بە گەشتیاران (Gražulevičiūtė, 2006: 74-79).

گەشتیاری کەلتوری ئامرازێکی کاریگەرە بۆ زیندووکردنەوەی شوێنەوارە دێرینەکانی مرۆڤایەتی، بەڵام بە مەرجی داڕشتنی ستراتیژێکی سەردەمیانە بۆ مانەوەیان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوامی یاخود نوژەنکرنەوە لەم بوارەدا، مەرجێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتن وپێکاندنی ئامانجەکانی گەشتیاری شوێنەوارییە لە جێبەجی کردنیدایە، جگە لەمانەش دەتوانرێت ڕێگایەکی تر بگیرێتەبەر لە ڕەچاوگرتنی هۆیەکانی ژینگە پاریز تایبەت بە گەشتیار وکاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگاو کولتووردا (Braim, Kadhim Magdid, 2018).

تەکنەلۆژیای (GIS) یەکێکە لە تەکنیکە گرنگەکان لە بەڕێوەبردنی ناوچە شوێنەوارییەکاندا بەشێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێت بۆ دەستنیشانکردنی مەترسیەکان وهەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان وژینگەییەکان، کە ئەمانەش دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی هۆشیاری بەردەوام لە کەرتی گەشتیاری شوێنەواریدا (Verka et al., 2008: 261-272). بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە، دەبێتە هۆکارێك بۆ پاراستنی کەلتور و نەریتی نەتەوەیی وبەشداردەبێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیر کە ئاگایان بەرامبەر بەها شوێنەواری و کەلتوریەکان هەبێت. هەروەها دەرخستنی گرنگی و ڕۆڵی پەرەپێدانی بەردەوام، هۆکارێکە بۆ دیاریکردنی کارلیکی نێوان قازانجی ئابوری ومەترسیەکانی چالاکی گەشتیاری لە ناوچە شوێنەوارییەکاندا (Vang-Roberts and Andrew, 2021). لێکۆڵینەوە نوێیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەکارهێنانی بیرۆکەی بەردەوامی واتا بەکارخستن لە کەرتی گەشتیاری شوێنەواری، ئەمەش هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرز دەکەنەوە لە ڕێگای ڕەخساندنی هەلی کار وباشترکردنی بژێوی ژیان لە ناوچەکەدا (Paul and Sarah, 2019: 1300-1315). بەڵام وەك لە بەردەوامبوندا هاتووە توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی نەوەی ئێستایە بەبێ ئەوەی سازش لەسەر توانای نەوەکانی داهاتوو بکرێت. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەردەوامیی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە گەشەپێدانی بەردەوام و بەم شێوەیەش دەبەسترێتەوە بە گەشتیاری شوێنەواری کە دەبێت بەردەوام بێت بۆ دڵنیا بوون لە پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەر پرۆژەیەك دەبێ ڕەچاوی کاریگەرییەکانی لەسەر ژینگە و دۆخی ئابوری لەبەرچاو بگیرێت، هەربۆیە گەشتیاری شوێنەواری بەردەوام تەنها بە مانای قازانج نایە، بەڵکو پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی و کەلتوری وژینگەییە (Al-Barzngyet al., 2023). گرنگە سیاسەتێك بگیرێتەبەر کە پاڵپشتی گەشتوگوزاری بەردەوام بکات کە بەشداربێت لە پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان و بەرزکرنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، لەوانەش ناوچەی گەرمیان.

ناوچەکە لە ڕووی گەشتیاریەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ وئاڵەنگاری جۆراوجۆر دەبێتەوە، کەرتی گەشت وگوزار پێویستی بە گرنگیدانی زیاترە، چونکە ناوچەکە ناسراوە بە دەوڵەمەندی لەم بوارەدا، ئەمانەش دەبنە پاڵنەرێك بۆ هاتنی گەشتیاران ومانەوەیان لە ناوچەکەدا، بەڵام

دەبێت کاریگەری هەر چالاکیەکی گەشتیاری لەسەر ناوچە شوێنەوارییەکان و دانیشتوانەکەی لەبەر چاو بگیرێت. پێویستە بەرنامەی تایبەت بە پاراستن و زیادکردنی داهات هەبێت بۆ پاڵپشتی فێرکاری گەشتیاری وپەرەپێدانی کەرتی کەلتوری هاوتەریب لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانیەکاندا، بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی تایبەت بە دروستکردنی سەنتەر و بنکەی فێرکاری و ڕاهێنان بۆ دڵنیابوون لە کوالیتی خزمەتگوزاریەکان لە ناوچەکەدا کە پێشکەش دەکرێت. ئەم کارانە گرنگە بۆ گەشتیاری شوێنەواری بەردەوام لە گەشەسەندنی کەرتی تایبەت بە گەشت گوزارلە هەرێمی کوردستان. لێکۆڵینەوەی تایبەت بە هەبوونی بنکەو سەنتەر و ڕێکخراوەکان وەك سەنتەری ستراتیژی نیشتمان (NSI) وسەنتەری کوردستان بۆ هونەر و کەلتور (KCAC) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاڵپشتی کردنی کەرتی گەشت وگوزار لە ڕێگای ئەنجام دانی کارو چالاکی کەلتوری وپێشانگای ناوخۆیی و نیمچە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی بۆ پاڵپشتیکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی کوردی، جگە لەمانەش هەبوونی بەڕیوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپور لە گەرمیان وبەڕیوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان کە ئەرکیان پاراستن ولێکۆلینەوە ونوژەنکردنەوەی شوێنەوارەکانی ناوچەکەیە، لەهەمان کاتیشدا لە بیرمان نەچێت هەبوونی بەشی شوێنەوار لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی کارا دەبینن لە پێگەیاندنی کەسانی لێهاتوو لەم بوارەدا، ئەم کاروچالاکیانە تەنها تایبەت نیە بە گەشت وگوزار بەڵکو کار لەسەر چۆنیەتی پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان دەکات بۆ نەوکانی داهاتوو. بەمەش هەوڵەکانی گەشتیاری بەردەوام ئامرازێکی کاریگەرن بۆ چارسەری ئەو ئاڵەنگاریانەی ڕووبەڕوی جیهانگیری دەبنەوە لە پاراستنی ناسنامەی هەرێمی و نەتەوایەتی. کەواتە هۆشیاری کۆمەڵگەی ناوخۆیی لە ڕێگەی چالاکییە گەشتیارییەکانەوە یەکێکە لە کلیلە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی گەشتیاری بەردەوام (Gražulevičiūtė, 2006, 74-79; Katerina Kiro et al., 2012: P210–220).

**تەوەری دووەم/ گرنگترین شوێنە شوێنەواریەکانی ناوچەی گەرمیان:**

**١،٢ کۆشکی مەحمود پاشای جاف (قەڵای پاشا):**

کۆشکی مەحمود پاشای جاف دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی (تازەدێ – کەلار)، لە ڕۆخی ڕوباری سیروان بنیادنراوە. کۆشکەکە بە نزیکەی (10کم) لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلارەوە دووەرە. شوێنی بیادنانی کۆشکەکە بەشێکە لەو ناوچەیەی کە لە کۆندا پێی وتراوە (کانی چەقەڵ)، لەم بەشەیدا بە هۆی سروشتەکەیەوە کە ئاوێتەبووە بە شیو و گرد و رووباری سیروان؛ دیمەنێکی دڵرفینی هەیە. لە ڕووی بیناسازییەوە ئەم کۆشکە لە سێ بەشی سەربەخۆ پێکهاتووە، بەشی یەکەمیان دەکەوێتە ناوەڕاستیانەوە، دیارە بەشە سەرەکێکەی کۆشکە، کە لەسەر ڕووبەری (186) مەتر دووجا بنیادنراوە. بە گشتی پێکدێت لە دوو نهۆم و چەندین ژوور و بەرهەیوان و دیوەخان لە خۆ دەگرێت. بەشێکی دیکەی کۆشکەکە، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی بەشە سەرەکیەکەوە، بینایەکی لاکێشەیی درێژ ڕەوە، لە شێوازی بیناسازییەکەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، تەرخانکراوە بۆ جێی حەوانەی ئاژەڵی باربەرو و شمەك و بارەکانیان. ئەوەی ماوەتەوە بەشی سێیەمی کۆشکە، بە دووری پەنجا مەترێك لە پشتەوە بەشە سەرەکیەکەی کۆشکەوەیە لەسەر گردێکی سروشتی بنیادنراوە، ئەم بەشەی کۆشك لەسەردەمی (محەمەد پاشای کەیخسرۆ بەگی جاف)ەوە دروستکراوە، بەڵام بەشە سەرەکیەکەی کۆشك تایبەت بووە بە (مەحموود پاشا)ی کوڕی، لە ڕووی مێژووییەوە ئەم بەشە لە چارەکی سێیەمی سەدەی نۆزدەیەم دروستکراوە، (کریم، ٢٠٢٢: ١٦٣، ١٨٠).

کۆشکە لای خەڵکی ناوچەکە لە کۆنەوە بە (قەڵای پاشا) ناوزەد کراوە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار وەك بەڕیوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان بە کۆشکی مەحمود پاشای جاف (قەڵای پاشا) ناویان بردووە، (ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، 2014). ئەو ماددەو کەرەستانەی لە دروستکردنی کۆشکەکە بەکارهاتوە بریتین لە قسڵ، تاوێری لمین(sandstone) ، خڕە بەرد(bolder) ، دار، تەختە، خشتی سورکراوە، (کریم، 2014: ل57). جگە لەوەی بە کۆمەڵێ یەکەی بیناسازی گرنگی وەك (گومەد، کەوانی جۆراو جۆر، دەروازە، تاق و ڕۆچنە) بیناکانی ئەم کۆشکە ڕازێنراونەتەوە، لە هەمانکاتدا لە کۆندا چەندین نووسین لەسەر دیوارەکانی تایبەت بە بیناکەی سەر گردە سروشتیەکە بینراوە، هەندێك لەو نووسینانەش تۆمارکراون وەك نوسینی دەربڕینی (اللهم صلی علی محمد) هەروەها بە ڕێنووس و زمانی فارسی نوسراوە (در قلم از عبارت یاقوت)، (باجەڵان، ٢٠١١ ).

هۆکارە ئاوو هەوایی و مرۆییەکان کاریگەریەکی زۆریان لەسەر بارودۆخی ئەم کۆشکە هەیە و توشی دارمان و وێران بوون بووەتەوە، هەرچەندە بەڕیوەبەرایەتی شوینەوار و کەلەپوری گەرمیان چەندین هەوڵی نۆژەنکردنەوەی داوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەی پێویستە نەتوانراوە ئەم کۆشکە لە لەناوچوون و وێرانبوونی زیاتر بپارێزرێت. سەرباری کاریگەریە ئاوو هەواییەکان، بەمەبەستی سود وەرگرتن لە بەرد و کەرەستەکانی کۆشکەکە بۆ دروست کردنی بینای نوێ، خەڵکی ناوچەکە بەردی دیوارەکانی کۆشکەکەیان بردووە و ئەمەش یەکێکی ترە لە هۆکارە مەترسیدارەکانی وێرانبوونی کۆشکەکە.



وێنەی ژمارە ١: کۆشکی مەحمود پاشای جاف (سەردانی مەیدانی توێژەران)

## ٢,٢ پەرستگای ئاگر (زەردەشتی) دەربەندیخان:

ئەم شوێنەوارە بینایەکی گەورە و فراوانە، دەکەوێتە بەشی رۆژهەلاتی شاری دەربەندیخان لە رۆخی رووباری سیروان بنیادنراوە. شوێنەوارەکە بە بینای خان (دەربەندیخان) و پەریستگای زەردەشتی ناوزەدکراوە، شارەکەش بە بوونی ئەم بینایە و دەربەندێك یەکێك لەم ناوانەی هەڵگرتووە کە (دەربەندیخان)ە. ئەم بینایە بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٩٥٧) وەك شوێنەوارێکی کاولبوو (داڕوخاو) لە لایەن تیمی شوێنەوارناسی عێراقیەوە تۆمارکراوە بە ناوی (دەربەندیخان)، (مدیریە الأثار العامە، ١٩٧٠: ٣٤٥). بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانەوە لە ساڵی (٢٠٠٦) کاری کنەوپشکنینی بۆکراوە دەرکەوت شوێنەوارەکە بینای پەرستگایەکی کرنگی زەرەدەشتیە کە تایبەتە بە سەردەمی ساسانیەکان، ئەمەش پاش ئەوەی چەندین بەڵگەی شوێنەواری ئەم چاخە مێژووییەی تێدا دۆزرایەوە، لە نموونەی پاشماوە شوێنەوارییەکان وەك (یەکەکانی بیناسازی، گلینەی جۆراو و جۆر و گۆڕ و شێوازی ناشتنی مردووەکان ...هتد)، (دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان: ٢٠٠٧). پێدەچێت ئەم پەرستگایە لە چەند سەردەمێکی دواتر بەمەبەستی دیکە بەکارهێنرابێت، بەتایبەت لەسەردەمی عوسمانیەکان، ڕەنگە لکاندنی ناوی (خان) یان (دەربەندیخان) بەم بینایەوە بۆ هەمان هۆکار بگەڕێنەوە.

گرنگی و بایەخی پەرستگاکە لە پێگەی جوگرافیەکەیدایە، کە لە ناوجەرگەی سیستمێکی ئاڵۆزی ڕێگاوبانی سەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا هەڵکەوتووە کە دەشتەکانی میسۆپۆتامیای بە سنوری دەسەلاتی ڕۆمەکانەوە لە رۆژئاوا و بانەکانی ئێران لە رۆژهەلاتەوە دەبەستەوە، پێدەچێت هۆکاری سەرەکی دروستکردنەکەشی بەهۆی هاتوچۆکردنی ژمارەیەکی زۆری گەشتیار و بازرگانان و خەڵکیەوە بێت لەم ڕێگەیەوە. ئەمەش بۆ مەبەستی ئەنجامدانی نوێژ و مەراسیمە ئاینیەکان و لە لایەکی دیکە وەک شوێنی مانەوە و پشوودان بەکار هێنراوە. چونکە بە پێی پێکهاتەی بیناسازیەکەی، پەرستگایەکی هەرێمی بووە، نەک لۆکاڵی. بە پێی بنەما تیۆریەکەی کەیم (Kaim, 2004) ڕانکی ئاگری پیرۆز لە پەرستگاکانی ساسانیدا، لەسەر بنەمای نەخشەسازی پەرستگاکان نەبووە، بەڵکو لەسەر بنچینەی دامەزراندنە ئاینیەکەی بووە. بڕوای وایە ئەو پەرستگایانەی کە سەکۆی ئاگرەکەی پلەدار نەبووە ئەوە پەرستگایەکی هەرێمی (*Atash Bahram*) بووە، لە کاتێکدا پەرستگا ناوخۆییەکان (*Atash Adaran*) سەکۆی ئاگری پلەدار بووە. هەربۆیە لە تەیبەتمەندیە گرنگەکانی ئەم پەرستگایە ئەوەبووە کە پەرستگایەکی هەرێمایەتی بووە. ئەمەش لە خەسڵەت و تایبەتمەندیە بیناسازیەکەی ئەم پەرەستگایەوە بە تایبەتی سەکۆی ئاگردانەکەی بە ڕوونی دەردەکەوێت. لە ڕۆژئاوایی ئەم پەرستگایەوە و لە نزیک گوندی بەرکەل، یەکێکی تر لە بەجێماوە گرنگەکانی سەردەمی ساسانی و بە تایبەتی سەردەمی پاشا (نارسە ٢٩٣-٣٠٢ز) هەڵکەوتووە کە بە مۆنۆمێنتی پەیکوڵی ناسراوە. ئەم مۆنۆمێنتە بایەخ و گرنگیەکی زۆری مێژوویی هەیە، بە تایبەتی دوای دۆزینەوەی ئەو دێرە نوسینانەی کە باس لە بوون بە پاشا و ئاهەنگی تاج لەسەرنانی پاشا (نارسە) دەکات، دوای ئەوەی بەهۆی ناکۆکی نێوان نارسە و بەهرامی سێیەم، نارسە دەسەلاتی خۆی جیا دەکاتەوە و پاشایەتیەکی نوێ لە مۆنۆمێنتی پەیکوڵی ڕادەگەیەنێت (Cereti et al., 2019: 725-727).

هەرچەندە مێژووی دروستکردنی پەرستگاکەی دەربەندیخان ڕوون نیە، بەڵام ئەنجامەکانی هەڵکۆڵینە شوێنەواریەکە ئەو بڕواییەی لای هەڵکۆڵەرەکان دروستکردووە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ماوەی فەرمانڕەوایی شاپوری یەکەم (٢٤٢زایینی) (ڕاپۆرتی هەڵکۆڵین، دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری گەرمیان: ٢٠٠٧)، بەڵام بە بڕوای توێژەران پێدەچێت ئەم پەرستگایە هاوسەردەمی مۆنۆمێنتەکەی پەیکوڵی بووبێت، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەم پەرستگایە لە ڕووی پێکهاتەی بیناسازیەوە هاوشێوەی پەرستگا ئاگرەکەی قۆناغی یەکەم و دووەمی (گەچ داوەر)ە لە ناوچەی داڵاهۆ لە هەرێمی کرماشان، بە بڕوای ئەو تیمە شوێنەواریەی هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجام داوە و بە پشتبەستن بە هونەرە تەلاسازیەکەی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دووەمی زایینی و سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی لەم سەردەمەدا وەک ناوەندێکی ئاینی گرنگ ڕۆڵی کارای گێڕاوە و بۆنە و مەراسیمە ئاینیەکان لەم پەرەستگایەدا ئەنجام دراون (Moradi, 2019: 11-12)، ئەمەش دەمانگەیەنێت بەو بڕوایەی کە ئەم پەرستگایەش بەشێک بووبێت لەو ململانێ سیاسیەی لە نێوان دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی ساسانیدا ڕوویداوە و هاوتەمەنی دروستکردنی مۆنۆمێنتەکەی پەیکوڵی بوبێت، گومان دەکرێت دروستکردنی ئەم پەرستگایەش وەک نێتپاکی و دەربڕینی دڵسۆزی بوبێت بۆ موغەکانی ئاینی زەردەشتی کە یارمەتیدەری نارسە بوون بۆ گەیشتن بە دەسەڵات (ئەنوەر، ٢٠١٩: ٦٠). لە ئێستادا پەرستگاکە وێران بووە و چەند بەشێکی کەمی بنمیچی پەرستگاکە ماوەتەوە، و هیچ هەوڵێک نیە بۆ پاراستن و ڕزگارکردنی ئەم پەرەستگایە، لە کاتێکدا بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەی و بایەخە مێژووییەکەوە دەتوانرێت بکرێت بە شوێنێکی گرنگی گەشتوگوزاری و لە وێرانەیەکی بێکەڵکەوە بگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەیەکی ئابوری گرنگ و ڕەخساندنی چەندین هەلی کاری ناوخۆیی بۆ دانیشتوانی سنورەکە.



وێنەی ژمارە ٢: دیمەنی بەشێك لە بینای پەرستگاکە لە کاتی کنە و پشکنین و پاکردنەوەی، مەعروف، ڕاپۆرتی هەڵکۆڵین، ٢٠٠٧.

### ٣,٢ گۆڕستانی سەید خەلیل:

گۆڕستانی سەید خەلیل لە ڕووی ئێدارییەوە دەکەوێتە سنوری گوندی (سەید خەلیلی خەلیفە) لە نێوان هەرسێ گوندی (سەید خەلیلی فەقیە مستەفا، سەید خەلیلی خەلیفە و سەید خەلیلی حسێن دەروێش)، بە دووری (٧کم) دەکەوێتە باکووری شاری کەلارەوە. لە ڕووی ناشتن و بینای ئاینی سەرگۆڕەوە یەکێکە لە گەورەترین گۆڕستانەکانی ناوچەی گەرمیان، بیناکانی ئەم گۆڕستانە بە دوو شێوازی تایبەت بنیادنراون، وەك بینای سەر ئاوەڵا و بینای سەر داپۆشراو، ئەمانەش بەچەندین یەکەی بیناسازی ناوازە پێکەوەنراون. لە ڕووی مێژووییەوە

بەشێك لە بیناكان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم . بەشێكی گرنگی ئەم گۆرستانە و گۆڕ و ئارامگەی خودی (سەید خەلیل)ە، دەكەوێتە سەر نیمچە گردێكی سروشتی، بەڵام لە چینەكانی سەرەوەیدا چەندین پاشماوەی بەردین و گڵینەیی دەبینرێت، ژمارەیەك لەم پارچە شوێنەوارییانە دەگەڕێنەوە بۆ چاخەكانی پێش مێژوو. لەباشووری رۆژئاوای گۆرستانەكە بە دووری دووسەد مەترێك، گردێكی دیكەی شوێنەوار هەیە بەناوی (گرد یەغنی)، بەپێی ئەو پاشماوانەی لە كاتی ڕوپێوی شوێنەواری لێی دۆزراوتەوە، چەند سەردەمێكی مێژووی لەخۆدەگرێت وەك (ناوەندی هەزارەی سێیەمی پ.ز بۆ ناوەندی هەزارەی دووەمی پ.ز) لەگەڵ پاشماوەی سەردەمی ئەشكانی (١٤٨پ.ز – ١٢٦ز)، (مديرية الأثار العامة ، ١٩٧٠: ص٥).

گۆرستانەكە لە كۆنەوە لای خەڵكی ناوچەكە بە شوێنێكی پیرۆز تەماشا كراوە و گۆڕی كەسایەتی و ئازیزانیان لەم گۆڕستانە ناشتووە، بە تایبەت بەشێكی زۆری بەگزادەكانی جاف بەم گۆڕستانەیان سپاردوون، ئەمانەش هۆكارێك بوون كە شاعیرێكی گەورە وەك (مەولەوی تاوەگۆزی) سەردانی ئەم گۆڕستانە بكات و دوو هونراوەی لەسەر نووسیوە، (مودەریس، ١٣٨٤: ٣٨٢-٣٨٦). هەروەها لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە گۆرستانەكە و دەوروبەرەكەی شوێنیك بووە بۆ زۆرێك لە بۆنە كۆمەڵایەتی و ئاینیەكان، لە ئێستاشدا لەو وەرزانەی كەشوهەوای تێدا گونجاوە، گەرمیانەكیەكان ئەم ناوچەیان كردۆتە جێی گەشت و سەیران و بۆنە خێزانیەكان .



وێنەی ژمارە ٣: گۆرستانی سەید خەلیل (سەردانی مەیدانی توێژەران)

## ٤,٢ هەڵكۆڵراوەكەی چیای خوشك:


ئەم هەڵكوڵراوە دەكەوێتە باكووری رۆژهەڵاتی گەرمیان، لە سوچی گابەردێكی گەورە لەسەرەوەی (چیای خوشك) لە سنووری شارەدێی (مەیدان – خانەقین) هەڵكوڵڕاوە. ئەم شوێنەوارە  بۆ یەكەمجار لە ساڵی (٢٠٢٣) لە لایەن تیمێكی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و كەلەپوری گەرمیان دۆزراوەتەوە، هاوكات لە توێژینەوەیەكی دیكەی تایبەت بەم كونفرانسە وەك دۆزینەوەیەكی نوێ بڵاودەكرێتەوە، (دۆسیەی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و كەلەپوری گەرمیان، ٢٠٢٣).   خودی هەڵكۆڵراوەكە دەكەوێتە ناو چوارچێوەیەكی ئامادەكراوی نارێك، بەرزییەكەی زیاترە لە (٤م) و پانتایەكەشی دەگاتە (٣م). هەڵكراوەكە بە شێوازی هەڵكۆڵینی دەركەوتوو (البارز) تەواوكراوە، كە بریتیە لە جەنگاوەرێك یان پادشایەكی سەركەوتوو، جەنگاوەرەكە بە چەند ئامرازێكی شەڕكردنەوە قاچێكی لەبەرامبەر دیلێكی قەبارە بچوك بەرزكردۆتەوە وەك ئاماژەیەكی سەرەكەوتن بەسەر نەیارەكانیەوە. هەرچەندە بەجێماوە شوێنەواریەكە رووبەڕووی داشۆرین بوەتەوە بەهۆی كاریگەریەكانی ئاوو هەوا و بارانەوە، بەڵام پاراستنی و بەكارهێنانی وەک هێمایەكی گرنگی شوێنەواری خزمەت بە بوژاندنەوەی زیاتری ناوچەكە دەكات لە رووی گەشتوگوزاریەوە (سەردانی مەیدانی توێژەران).



وێنەی ژمارە ٤: هەڵکۆڵراوی سەربەردی چیای خوشك (سەردانی مەیدانی توێژەران)

### ٥,٢ هەڵکۆڵراوەکەی دەربەندی بێلولە (نەخشی دەربەند بێلولە):

ئەم نەخشە هەڵکوڵراوە لە قەدپاڵێکی چیایی لە دەربەندی بێلولە؛ لەبەرزی نزیکیەی (١٥٠م) نزیك لە گوندی (دەربەند بێلولە)ی سەر بە شارەدێی (مەیدان – خانەقین). نەخشەکە بریتیە لە جەنگاوەرێك یان پادشایەك کە لە قەبارەی (٩٠سم) هەڵکوڵراوە و دوو دیلیش دەکەوێتە بەرامبەریەوە، بە گشتی نەخشەکە بە شێوازی هەڵکۆڵینی دەرکەوتوو (البارز) تەواوکراوە. جەنگاوەرەکە بە کۆمەڵێك ئامرازی شەڕکردنەوە پێی خستۆتە سەر سنگی یەکێك لە دیلەکان و دیلەکەی دیکەش لەسەر چۆك لێی دەپارێتەوە. نووسینێکی مێخی نارێکیش لە پشت دیلەکانەوە دەبینرێ. جگە لە بایەخە مێژوویی و شوێنەواریەکەی، هەڵکۆڵیراوەکە لە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگیدا هەڵکەوتووە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار ڕوو لە ناوچەکە دەکەن، بەڵام بەهۆی خراپی ڕێگای گەیشتن بە شوێنەوارەکە و لە ئەنجامی دواندنی خەڵکی ناوچەکە و گفتوگۆکردن لەگەڵ گەشتیاراندا گەشتین بەو دەرەنجامەی ڕێژەیەکی زۆر کەم لە گەشتیاران و تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش زانیاریان دەربارەی مێژوو و لایەنی هونەری ئەم شوێنەوارە هەیە (سەردانی مەیدانی توێژەران).



وێنەی ژمارە ٥: هەڵکۆڵراوی سەربەردی دەربەند بێلوولە (سەردانی مەیدانی توێژەران).

## تەوەری سێیەم/ ڕێکارە سەردەمیەکان لە بەڕیوەبردنی گەشتیاری کەلتوریدا:

### ١,٣ لایەنی فێرکاری تایبەت بە گەشتیاری شوێنەواری:

یەکێك لە بوارە گرنگەکانی گەشتیاری شوێنەواری لایەنی فێرکاریە، بەو پێیەی ڕێگە بە گەشتیاران دەدات لە نزیکەوە فێری خوێندنەوەی جیاواز بن بۆ مێژوو و گرنگترین ڕووداوەکانی ناوچەکە، خوێنداکاران وتوێژەران وکەسانی ئارەزومەند دەتوانن تێگەیشتنێکی قووڵتر بەدەست بهێنن لە لە ڕووداوەکانی ڕابردوو لەبەر ڕۆشنیایی جێماوە شوێنەواری و کەلەپورییەکان وەکو ئەشکەوت و گوند وشارەکان لەهەمان کاتدا کۆشك وپەرستگا وخانووی نیشتەجێبوونی سادە، جگە لە گردە شوێنەوارییەکانی ناوچەکە کە تاکو ئێستا هەڵکۆڵینی شوێنەواریان بۆ نەکراوە، ئەمانەش بەشدارن لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری شوێنەواری دانیشتوانی ناوچەکە و گەشتیاران بە تایبەتی ( صالح والصفار، ٢٠٢١: ٤٢١-٤٢٨).

هەبوونی بەشی شوێنەوار وپەیمانگا و ناوەندی توێژینەوەی تایبەت بە شوێنەوار ومێژووی کۆن لە ناوچەکە هۆکارێکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری گەشتیاران وەك رێکخستنی سیمینار وورکشۆپ وکۆنفرانسی نێودەوڵەتی، هەموویان یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی قوڵتر بۆ مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان.

خستنەرووی رەهەندە فێرکارییەکان لە بەرنامەکانی گەشتیاری شوێنەواردا دەتوانێت بەشداربێت لە گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان لە سەر ئاستی رۆشنبیری گۆمەڵگا. گەشتوگوزار تەنها ئامرازێك نیە بۆ کات بەسەربردن، بەڵکو دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی کارا بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری کەلتوری (Sinclair, 1998: 1-51)، لە بەراوردکردنی زانیاری گەشتیاری لەگەڵ پراکتیزە فێرکارییەکان، ئەوکات گونجاندن زیاتر دەردەکەوێت لە نێوانیاندا, ئەمەش رێگا بە گەشتیارانی هەموو تەمەنێك دەدات بە بێ جیاوازی بیرو باوەڕ وئایین لە گرنگی پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور تێبگەن، کە ئامانج لێی دروستکردنی وێنایەکی روون وئاشکرایە لە تێڕوانینی گەشتیاردا بەرامبەر بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپورییەکان. هەروەها بە دارشتنی بەرنامەیەکی ستراتیژی تۆکمە دەتوانرێت یارمەتی گونجاو پێشکەش بکات بە گەشتیاران لە سەر مێژوو وشوێنەوارەکانی ناوچەکە و سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بهێنێت لە کەرتی گەشتو گوزاردا (الدمنهوری، ٢٠١٠: ٢٠٣٢-٢٠٦٩). بۆیە لایەنی پەیوەندیدار پێویستە پەرە بە برۆگرامی ناوەندەکانی خوێندن بدەن لە تیشکخستنە سەر ئەو بابەتانەی تایبەتن بە مێژووی کۆن و باسی گرنگترین جێماوە شوێنەوارییەکان بکرێت بە شێوەیەکی زانستیانە و دەبێت کەسانی پسپۆر و خاوەن ئەزموون ئەم کارە ئەنجام بدەن.

### ٢,٣ بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا لە بەرێوەبردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکاندا:

گەشتیاری کەلتوری جیهانی لە ئێستادا لە پرۆسەی رێکخستنی زانیاری، پەیوەندی و فرە راگەیاندندایە بۆ بەدەستهێنانی هێزی کێبرکێکردن و پەرەپێدانی بەردەوام. زانیاری و ئاگایی دەربارەی شوێنی مەبەست و تێروانینەکان لەبارەی کوالێتی و بەهای ئەو شوێنانە لەو هۆکارە گرنگانەن کە کاریگەری لەسەر هاندانی گەشتیاران و هەڵبژاردنی شوێنی سەردانکردن دروست دەکات. لە پێناو پەرەپێدانی بەردەوام و ناساندنی کەرتی گەشتوگوزاری کەلەپوریدا، شوێنە دیاریکراوەکان دەبێت لە رێگەی بەکاربردنی تەکنۆلۆجی بە پەیرەویکردن لە سیستەمی بەرێوەبردنی (DMS)ی ئۆنلاینی شوێنە گەشتوگوزاریەکان دەتوانێت پەرەپێدان و بەرێوەبردن باشتر بکات بە بەکارهێنانی خزمەتگوزارییە ئەلیکترۆنییە یەکخراوەکان (Valčič and Domšić 2012: 132). سیستەمی تەکنۆلۆجی نوێ لە بەرێوەبردنی شوێنە شوینەواری و کەلەپوریەکان دەتوانێت زانیاری هەمەچەشن و گشتگیر و فرە میدیایی لەسەر شوێنە کەلەپوریەکان و بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی دەوروبەری بگەیەنێت بە گەشتیاران و سەردانیکەران، بەم شێوەیە دەتوانێت بچێتە نێو کێبڕکێی راکێشانی سەرنجی گەشتیار و بە جێمەبەستکردنی شوێنە گەشتوگوزاریە کەلەپوریەکان. ئاستەنگی سەرەکی بۆ بوژاندنەوەی میراتی کەلەپوری بریتییە لە نێوەندگیریکردن لە نێوان دیدگا جیاوازەکاندا، کە چۆن رێکخراوە گەشتیارییەکان و پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری دەتوانن میراتی کەلەپوری خۆیان بە شێوەیەک بخەنەروو کە سەرنجی بەرژەوەندی و داخوازیەکانی گەشتیاری نێودەوڵەتی رابکێشێت. ئامانج لێی دروستکردنی بەهایە لە زانیارییە ناوخۆییەکان و خستنەرووی بۆ بەکارهێنەران لە سەرانسەری جیهاندا. بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (Information and Communication technologies) پێویستیەکی سەردەمییە و قۆناغە جیاوازەکانی کارکردنی پیشەسازی میراتی کەلەپوری وەک دروستکردنی پەیوەندیکردن، بەرزکردنەوەی بەها و ستراتیژی بە بازارکردن لەخۆدەگرێت (Davis and Prentice, 1995: 494-495). پێشمەرجێکی بنەرەتی بۆ گەشتیاری بەردەوام بریتییە لە رێگەدان بە تاک و کۆمەڵگاکان بۆ ئەوەی بواریان هەبێت بۆ بەشداریکردن و پەیوەستبوون. پێویستە پەرە بە لایەنەکانی پەیوەست بە بەکارهێنان و پەرەپێدانی ئامراز و تەکنەلۆژیا بدرێت بۆ ئاسانکاری تۆڕی کارامەی سیستەمی زانیاری و پەیوەندیکردن لە کەرتی گەشتیاریدا. بە کەڵکوەرگرتن لە ژێرخانی تەکنۆلۆجیای زانیاری و پەیوەندیکردن (ICT)، کۆمەڵگە ناوخۆییەکان یارمەتیدەر دەبن بۆ ئەوەی سەردەمیانەتر پلانی ستراتیژی و کارگێریان هەبێت لە بەرێوەبردنی میراتی کەلەپوری و شوێنەواریدا (Buhalis, et al., 2006: 131-132).

تەکنۆلۆجیای نوێ بوارێکی گەورەی بۆ کەرتی گەشتوگوزاری کەلەپوری دروستکردووە تاوەکو چالاکییەکانی خۆیان لە رووی جوگرافی، بازارگەری و کارگێرییەوە فراوان بکەن و رۆڵێکی کارا دەگێرێت لە بەرێوەبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ بەکارهێنەرەکاندا. زانیارییەکان دەربارەی میراتی شوێنەواری و مێژوویی و کەلەپوری لە سەرچاوە گشتیەکان بەشێوەی نارێکخراو بونیان هەیە، بەڵام دەتوانرێت بخرێنە ناو ئەو پرۆگرامی دیجیتاڵی و پلاتفۆرمانەی راگەیاندن و فێرکردن کە رێکخراون و توانای گەیاندنیان بە بینەری فراوان هەیە لە جیهاندا. ئەمەش لە رێگەی دیزاینکردن و جێبەجێکردنی ماڵپەرەکان و پۆرتالەکان کە زانیاری و خزمەتگوزارییەکانی پەیوەست بە شوێنەوار و مێژوو و کەلتوری هەر ناوچەیەک کە بەهای گەشتوگوزاری کەلەپوریان هەیە کۆدەکەنەوە لە رووی مێژوویی، تەلارسازی، جلوبەرگ، خواردن، بۆنە و مەراسیمە نەتەوەیی و ئاینییەکان و کەلتوری گشتییەوە (Ammirato et al., 2022: 1943-1944). ئەم پرۆسە رێکخراوە پێویستی بە هەماهەنگی نێوان حکومەتە خۆجێیی و هەرێمایەتیەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان هەیە. هەروەها لە رێگەی ئەو خزمەتگوزاریانەوە دەتوانرێت رەخنە و پێشنیار لە گەشتیار و سەردانیکەران کە سەردانی ئەم ناوەرۆکە ئەلیکترۆنییانە دەکەن وەربگیرێت، لە پێناو پەرەپێدان و گەیاندنی خزمەتگوزاریە داواکراوەکان بە گەشتیاران بە شێوەیەکی سەردەمیانەتر و باشتر کە بگونجێت لەگەڵ ویست و داخوازیەکانی سەردانیکەراندا. کاریگەری لەسەر ئەو رێگایانە هەیە کە گەشتیاران ئاگاداری شوێنەکان دەبن، شوێنی مەبەست هەڵدەبژێرن و ئەزموونی دەکەن. زانیاری گەشتیاری پێویستی بە نوێنەرایەتییەکی بەرفراوانی وێنە و گرافیک هەیە بۆ ئەوەی دیمەنێکی بەرجەستە یان ئەزموونێکی گریمانەیی بۆ پلاندانەرانی گەشتەکان دابین بکات. بەکارهێنانی ئەنیمەیشن یان کورتە ڤیدۆ دەتوانێت رۆڵی لە هاندانی گەشتیار بۆ

گەشتکردن بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو هەبێت. گەشتیاری ئەلیکترۆنی وەک میکانیزمێکی دابەشکردنی سەرەکی بە خێرایی پێدەگات، هەربۆیە دامەزراندنی ژێرخانی دەوڵەمەندی تەکنۆلۆجی و ستراتیژییەکانی بازرگانی گەشتوگوزاری ئەلیکترۆنی دەبێتە خاڵی وەرچەرخان بۆ ئەوەی شوێنەکان لە کێبرکێی ڕاکێشانی گەشتیاردا بمێننەوە. بۆ نمونە زیرەکی دەستکرد کە بەشێوەیەکی کارا هاتووەتە نێو هەمموو بوارەکانی ژیانەوە و کاریگەریەکی گەورەی لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ هەیە، چالاکانە لە بواری پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی شوێنەوار و کەلەپوریشدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت، بە تایبەتی لە بواری بواژاندنەوەی گەشتوگوزاری شوێنەواریدا، بۆتەکانی گفتوگۆکردن و سیستەمی پێشنیارکردن و سیستمی وەرگێڕانی ڕاستەخۆی زمانەکانەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە هاندانی گەشتیاران بۆ سەردانکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان (Buonincontri and Marasco, 2017: 83-85). هەربۆیە بە بێ پەرەپێدانی ژێرخانێکی تەکنۆلۆجی و بە دیجیتاڵیکردنی شوێنە شوێنەواری کەلەپوریەکان ئەستەمە هەنگاوەکانی بە گەشتیاریکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان سەرکەوتوو بێت. هەرچەندە گەشتوگوزاری کەلەپوری لە هەرێمی کوردستان و ناوچەی گەرمیاندا نەیتوانیوە سود لە داهێنانە تەکنۆلۆجیە پێشکەوتووەکان وەربگرێت و ژێرخانی خزمەتگوزاریەکانی گەشتیاری ئەلیکترۆنی هەژارە، بەڵام دەتوانرێت شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە کوردستان بە گشتی و گەرمیان بە تایبەتی بخرێنە بەردەم بینەری جیهانی لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە ئەپلیکەیشنەکانی زیرەکی دەستکرد و زانیاری و وێنەیەکی ڕاستی ئەو شوێنانە بخرێتە ڕوو لە پێناو ناساندنیان بە بینەر و سەردانیکەرانی جیهانی. ئەدریانۆ (Ardianto, 2019: 55) خزمەتگوزاریەکانی گەشتیاری زیرەک و ئەلیکتۆرنی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: "دەستڕاگەیشتنێکی گەشتیاری نوێگەرییە، کە لەسەر بنچینەیەکی تەکنەلۆجی پێشەنگ دروست کراوە، کە دڵنیایی دەدات لە پەرەپێدانی بەردەوامی ناوچە گەشتیارییەکان، هەمووان دەتوانن بەردەستیان بێت، و ئاسانکاری بۆ سەردانیکەران دەکات تا کارلێک و یەکگرتنی لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا زیاتر بکات، ئەزموونی گەشتەکە لە ڕێگەی تەکنۆلۆجیەوە زیاد دەکات، و پاڵنەری سەرەکیە لە هاندانی گەشتیاران لە ڕێگەی دروستکردنی وێنایەکی ڕاستی شوێنی دیاریکراو".

بە بڕوای شارەزایانی بواری گەشتوگوزار، تەکنۆلۆجا ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەپێشبردنی کەرتی گەشتیاریدا هەیە و بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بونیادنانی ژێرخانێکی بەهێزی گەشتوگوزاری ناو دەبرێت. یەکێک لەو تەکنۆلۆجیا گرنگانەی کە بەشێوەیەکی فراوان لە بواری گەشتوگوزاری شوێنەواریدا بەکاردەهێنرێت بریتیە لە ڕاستی گریمانەیی (Virtual reality). بایەخی ئەم تەکنۆلۆجیایەش بریتیە لە نمایشکردنی وێنەیەکی ژینگەی دروستکراوی کۆمپیوتەری کە توانای چونە ناو و گەڕان و دۆزینەوە و مامەڵەکردن بە کەسی سەردانیکەر دەبەخشێت و توانای جوڵاندنی یەکێک یان زیاتر لە پێنج هەستەوەرە سەرەکیەکەی مرۆڤی هەیە، کە ڕێگەیەکە بۆ ڕاکێشانی هەست و سۆزی کەسی سەردانیکەر بۆ بینینی وێنە ڕاستیەکە. هەربۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت لە بواری بە بازاڕکردن و ئەمەش وای لە توسەیدیا و هاوڕێکانی (Tussyadiah et al., 2018: 146-147)ی کردووە کە دەستەواژەی ئەزمونی (تاقیکردنەوە پێش کڕین) لەبەرامبەر گرنگی و بایەخی ئەم تەکنۆلۆجیایەدا بەکار بهێنن، ئەمەش بەو مانایەی کە گەشتیار بواری سەردانکردن و ئاشنابوونی بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان هەیە بە شێوەی گریمانەیی پێش ئەوەی سەردانی ڕاستەخۆ بۆ ئەو شوێنە بکەن. یاخود دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ نیشاندانی ئەو شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریانەی کە لە ناوچەی سەخت و بەرزدان و توانای دەست ڕاگەیشتنی مرۆڤ بەو شوێنانە ئاسان نیە. بۆ نمونە هەردوو شوێنەواری سەرتەکی بەمۆ کە لە ناوچەی شاخاوی سەختدان و توانای سەردانیکردنیان دژوارە، دەتوانرێت لەرێگەی ئەم ئامرازانەوە سەرنجی گەشتیاری زیاتر بۆ سەردانکردنی ناوچەکە ڕابکێشرێت. لە لایەکی دیکەوە ئەم تەکنۆلۆجیایە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پاراستن و کەمکردنەوەی زیانەکانی گەشتیاری بۆسەر شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان. ئەو شوێنە شوێنەواری کەلەپوریانە کە گەشتیارێکی زۆر ڕووی لێدەکەن و مەترسی لەسەریان دروست دەبێت، دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەم ئامرازانەوە دیمەنێکی تەواوەتی شوێنەکە بۆ گشتیار بگوازرێتەوە و ئەزمونی شوێنەکە بکات لە ماوەیەکی کەمدا، کە لە لایەکەوە کاتی زیاتر بۆ گەشتیار دەگەڕێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە مەترسی لەسەر شوێنەکان کەمتر دەبێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم ئامرازانەوە دەتوانرێت داهاتی ئابوری گەورە کۆبکرێتەوە و دەبنە سەرچاوەی ئابوری گرنگ، چونکە بەکارهێنانیان لە ڕێگەی بڕێکی دیاریکراو پارەوە دەبێت، لە ئێستا بەشێوەیەکی فراوان لە مۆزەخانە و ناوەندە کەلەپوری و شوێنەواریەکاندا بەکار دەهێنرێت (Verkerk, 2022: 29-30).

لە لایەکی دیکەوە تەکنۆلۆجیای ڕاستی زیادکراو (Augmented Reality) ڕۆڵێکی کاریگەری لە بە دیجیتاڵیکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان گێڕاوە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر شیکاری شوێنە شوێنەواریەکان هەیە و خێراکردنی هەنگاوەکانی بە گەشتیاریکردنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان زیاتر دەکات. لە ڕیگەی ئەم تەکنۆلۆجیایەوە، سەردانیکەران و گەشتیاران دەتوانن دەستیان بە زۆرترین زانیاری ئەلیکترۆنی لەسەر ڕاستی شوێن و پێکهاتەی شوێنەکە و ڕێنماییەکان دەگات و لە ماوەیەکی کورتدا شارەزایی و ئاشنایەتیان بە ناوچەکە دەبێت، ئەمەش ئەگەرەکانی گەشتکردن و سەردانیکردن زیاتر دەکات (Çınar, 2021: 276). هەر بۆیە، شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بنەما و مەرجی گەشتیاریان تێدایە و سەرنجراکێشان، بەڵام بەو پێیەی خاوەنی ژێرخانێکی تەکنۆلۆجی بەهێز نیە، بواری ناساندن و ئاشنابوون بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لاوازە. لە دیاترین بنەما سەرەکیەکانی گەشتکردن لە دنیای ئەمڕۆدا، گەشتیار پێش ئەنجامدانی گەشتەکەی زانیاری جۆراوجۆر لە ڕووی شوێنەکە و ئاوو هەوا و هێڵی گواستنەوە و هۆتێل و چێشتخانە ...هتد کۆ دەکاتەوە پلانی گەشتەکەی دادەڕێژێت. بۆ ئەوەی شوێنە شوێنەواری کەلەپوریەکانی کوردستان بکرێنە ناوچەی گەشتیاری و سەرنجی گەشتیاری نێودەوڵەتی

ڕابکێشێت، پێویستە وەبەرهێنان لە ژێرخانی تەکنۆلۆجی و بە دیجیتاڵیکردنی شوێنە شوێنەواری کەلەپوریەکاندا بکرێت. بۆ نمونە کاتێک گەڕان بۆ شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکانی ناوچەی گەرمیان دەکرێت کەمترین زانیاری بە زمانی بیانی دەدۆزرێتەوە و کەمترین بوار بۆ ئاشنابوون بە ناوچەکە لە ڕێگەی ماڵپەڕ و پلاتفۆرمەکانەوە بۆ سەردانیکەرانی بیانی ڕەخساوە، ئەمەش وایکردووە کە ناوچەکە تەنها بایەخ و گرنگی ناوخۆیی هەیە و نەتوانراوە بکرێتە جێگە سەرنجی گەشتیارانی بیانی. بۆ نمونە کاتێک بە دوای زانیاری لەسەر کۆشکی مەحمود پاشا لە تازەدێ، یاخود گۆڕەکانی گوندی سەید خەلیل و پەرستگای زەردەشتی لە دەربەندیخان دەگەڕێیت، هیچ زانیاری و داتایەک بوونی نیە لەسەر ئەم شوێنانە، چونکە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی سەردەمی کار بۆ بە دیجیتاڵیکردنی ئەم شوێنانە نەکراوە.

### ٣,٣ دیدگاکانی داهاتوو لە گەشتیاری شوێنەواریدا:

هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی، ووزە و سامانێکی گەورەی گەشتیاری شوێنەواری هەیە، مێژووی دەوڵەمەندی ناوچەکە بە پاشماوەی شوێنەواری و بیناسازی کەلەپوری و دیمەنە سروشتیە سەرنجڕاکێشەکانی و نەریتە جیاواز و تایبەتیەکەی، هێزێکی گەورەی بنەڕەتیە بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری. یەکخستنی ئەم وزە جیاوازانە پێویستی بە بەرنامەڕێژی و پلانی درێژمەودا هەیە لە پێناو ڕەخساندن و فرەچەشنکردنی چالاکیە گەشتیاریەکان، ئەم فرەچەشنیە حەز و داخوازیە جیاوازیەکانی گەشتیاران دەپارێزێت و هاوکات سروشت و نەریتە کوردیەکان بە زیندوویی دەهێڵێتەوە. سەرباری هەوڵەکان بۆ نۆژەکردنەوە و پاراستنی شوێنە شوێنەواری و بینا کەلەپوریەکان، بەڵام هێشتا نەتوانراوە بە پێی ستانداردە نێودەوڵەتیەکان هاوسەنگی لە نێوان پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان و بەکارهێنانەوە لە پێناو گەشەی ئابوری و ڕەخساندنی هەلیکاردا دروست بکرێت. ئەمە جگە لەوەی زۆرێک لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان کەوتونەتە بەردەم هەڕەشەی هۆکارە سروشتیەکان و مەترسی لەناوچوونی یەکجاریان لەسەرە، بۆ نمونە قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف) لە تازەدێ و گۆڕەکانی گۆڕستانی سەید خەلیل و پەرستگای ئاگر (زەردەشتی) لە دەربەندیخان و داتاشراوەی دەربەندی بێلولە و شاخی خوشک لە مەیدان. هەر یەکێک لەم بەجێماوە شوێنەواری و کەلەپوریانە لە ناوچەی ستراتیجی و گەشتیاری گرنگدا هەڵکەوتوون و دەتوانرێت بکرێن بە سەرچاوەی ئابوری گرنگ و ڕەخساندنی هەلیکار ، بەڵام بەهۆی کەمی پراگرام یان پلانی جێبەجێنەکراوەوە نەتوانراوە پەرەیان پێبدرێت.

یەکێک لە دیدگا گرنگەکان لە پەرەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری و پارێزگاریکردن لە زیندوو هێشتنەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بریتیە لە پێشخستنی سیستمی پەروەردەیی، چونکە بێئاگایی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بایەخ و گرنگی شوێنەوار و کەلەپوری نەتەوەیی ووڵاتەکەی، کاریگەری نەرێنی لەسەر ئامانج و مەبەستی بەستنەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بە کەرتی گەشتیاریەوە دروست دەکات. پەروەردە ڕۆڵێکی کارای هەیە لە پاراستن و گواستنەوەی میراتی کەلتووری و بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری گشتی لەسەر چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو، هەروەها لە کاریگەرترین ڕیگاکان بۆ پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی سامانە کەلەپوری و شوێنەواریەکان ئەژمار دەکرێت. پێویستە شوێنەوار و کەلتور و میراتی کەلەپوری بەشێوەیەکی سەرەکی لە سیستمی خوێندنی ئاستە جیاوازەکاندا گرنگی پێبدرێت، هانی قوتابیان و خوێندکاران بدرێت کە شانازی بە میراتی شوێنەواری و کەلەپوری خۆیانەوە بکەن و چالاکانە بەشداری لە پاراستن و زیندوو هێشتنەوەیاندا بکەن. ئەم نەخشەسازیە نەک تەنیا ئاگاییمان بەرامبەر میراتی کەلەپوری زیاد دەکات، بەڵکو هەستی نەتەوەیی لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوودا دروست دەکات و ڕۆحیەتی شانازیکردن بە سامانە کەلەپوریەکەیەوە لە دەرونیدا دەچێنێت. لە ووڵاتانی پێشکەوتوو، خوێندنی شوێنەوار و کەلەپوری نەتەوەیی بەشێوەیەکی سەرەکی گرنگی و بایەخی پێدەدرێت و بەشێوەی تیۆری و مەیدانی هزر و یادگای فێرخوازان دەوڵەمەند دەکەن و بیرۆکەی نوێیان پێدەدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی پاراستن و سود وەرگرتن لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان تاوەکو ببنە سەرچاوەی ئابوری گرنگ بۆ کەمەڵگە ناوخۆییەکان (Sulima, 2022: 16-18). هەر بۆیە هەرێمی کوردستانیش کە دەوڵەمەندە بە پاشماوەی شوێنەواری و کەلەپوری، پێویستە نوێگەری لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بکرێت بەشێوەیەک بگونجێت لەگەڵ ڕێنمایی و مامەڵە جیهانیەکان لەگەڵ شوێنەوار و کەلەپور و گرنگی بە یاسا و ڕینماییە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بدرێت و بە چالاکی جۆراوجۆر هەوڵی ئاشناکردنی فێرخوازان بە ئەم سامانە نەتەوەییە بدرێت. هەروەها کارئاسانی بۆ خوازیارانی بواری شوێنەوار و کەلەپور بکرێت بەمەبەستی بە بازاڕکردنی شوێنە شوێنەوار و کەلەپوریەکان و لە ڕیگەیەوە دەتوانرێت چەندین هەلی کاری جۆراوجۆر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە برەخسێنرێت.

یەکێکیتر لە ڕێگا کاریگەرەکانی پارێزگاریکردن لە بینا شوێنەواری و کەلەپوریەکان و بەرزکردنەوەی بەهایان بریتیە لە دووبارە بەکارهێنانەوەیان. بینا شوێنەواری و کەلەپوریەکان کە بایەخێکی گرنگی مێژوویی و نەتەوەییان هەیە و سامانێکی گرنگی نیشتیمانین، پێویستە پارێزگاری لە مانەوەیان بکرێت، کاریگەرترین ڕێگەش بۆ زیندوو هێشتنەوەیان بریتیە لە دووبارە سود وەرگرتن لە بیناکان و بەکارهێنانەوەی لە پێناو سودی گشتیدا. واتە پێویستە ڕێکارەکانی پاراستن و نۆژەنکردنەوە هاوتەریب بێت لەگەڵ سودلێوەرگرتن و بەکارهێنانیان لە پێناو گەشەی ئابوری کۆمەڵگە. بۆ نمونە لە شاری بەرشەلۆنەی ئیسپانیا یەکێک لە گرنگترین بینا کەلەپوریەکان کە دەکەوێتە ناوچەی پۆرتال دی ئەنجێل (Portal de l'Angel) و لە ساڵی (١٨٥٨) دروستکراوە، پێشتر وەک ئۆفیسی سەرەکی وزەی کەتەلان بەکار دەهێنرا، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠٠٨)ەوە بیناکە مەبەستی بەکارهێنانەکەی گۆڕا بۆ کۆگای جلوبەرگی براندی نێودەوڵەتی (*H&M*). بەڵام پێکهاتە ڕەسەن و سیما کەلەپوریەکەی بە تەواوەتی پارێزگاری

لێکراوە و وەک بینایەکی گرنگی کەلەپوری لە یادگای خەڵکیدا ماوەتەوە. بە دیمە سەرنجراکێشەکەی و ناوبانگە مێژوویەکەی بووەتە هۆکارێکی گرنگ بۆ راکێشانی گەشتیاری نیودەوڵەتی و سەرچاوەی گرنگی ئابوری و ڕەخساندنی هەلیکار بۆ کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و پاڵنەرێکی کاریگەری کریارانە بۆ سەردانکردنی ئەو کۆگایە بە مەبەستی چێژوەرگرتن لە دیمەنە مێژوویی و کەلەپوریەکەی و لە هەمان کاتدا بازاڕکردن لە کۆگاکەدا(Febianti et al., 2021: P. 7). هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین بینای کەلەپوری گرنگە کە دەتوانرێت پلان و ستراتیجی نۆژەنکردنەوە هاوکات بێت لەگەڵ دەستپێشخەریە گرنگەکانی گەشتیاری بەردەوام و پەرەپێدانی هێزی ئابوری گەشتیاری شوێنەواری. بۆ نمونە دەتوانرێت پلان و ستراتیجی نۆژەنکردنەوەی کۆشکی مەحود پاشا بەشێوەیەک بێت کە تەواوی خەسڵەت و تایبەتمەندیە کەلەپوریەکەی بپارێزرێت و هاوکات بگونجێنرێت لەگەڵ بەگەڕخستنەوەی بۆ ئامانج و مەبەستێکی دیارکراو وەک (پیشەسازی ڕستن و چنین، پیشەسازی جلوبەرگ و پێڵاوی کوردی و کەلتوری ناوچەکە، چێشتخانە و شوێنی حەوانەوە کە تێیدا خۆراکە کوردەواریەکان لە دەفر و قاپوقاچاخە کەلتوریەکاندا پێشکەش بکرێت)، بە تایبەتی هەڵکەوتەی جوگرافی بیناکە کەوتووەتە ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگەوە کە مەرج و تایبەتمەندیەکانی گەشتیاری تێدا فەراهەم بووە. ئەمانە هۆکارن بۆ ڕەخساندنی هەلیکار و زامنی پاراستنی بیناکەش دەکات لە وێرانبون و دارمان. هەروەها پەرەستگای ئاگر لە دەربەندیخان کە لە ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاریدا هەڵکەوتووە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ سەردانکردنی ناوچە گەشتیاریە سروشتیەکانی سەردانی شارەکە دەکات، بەڵام ئەم بینا ئاینیە گرنگ و ناوازەیە بە تەواوی پەراوێزخراوە و هیچ رۆڵێکی لە راکێشانی گەشتیاردا نیە و گەشتیاران بێئاگان لە بونی ئەم بینا شوێنەواری و کەلەپوریە. ئەم بینایە کە بەشێکی گرنگە لە مێژووی ناوچەکە و ناسنامەی شاری دەربەندیخان، پێویستە ئەم بینایە نۆژەنبکرێتەوە و بکرێت بە ناوەندێکی کەلەپوری و کەلتوری شارەکە و مێژووی دورودرێژی بیناکە لە ڕێگەی بەجێماوە شوێنەواری و کەلتوریەکانەوە بۆ گەشتیاران و سەردانیکەرانی ناوچەکە بخرێتە ڕوو، چالاکیە ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیەکان لە بیناکەدا ئەنجام بدرێت، هەروەها لە ڕێگەی سود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵی سەردەمەوە، بایەخ و گرنگی مێژووی و کەلەپوری بیناکە بخرێتە بەردەم گەشتیارانی ناوخۆیی و بیانی.

ئەپلیکەیشنەکانی مۆبایلی زیرەک بوونەتە هاوڕێیەکی گرنگی گەشتیاران لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، ئەم ئەپانە رێگای نوێکراوە و کارامەیان دابین کردووە لە نێوان گەشتیاران و شوێنە کەلتوورییەکان. لە ڕێنمایی و زانیارییەوە تا ئەزموون و کارلێکی ڕاستەوخۆ، هەر بۆیە ئەپەکانی مۆبایل رۆڵێکی چالاکانە لە گەشەپێدانی گەشتیاری کەلتووریدا دەگێڕن، بوونەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە شێوازەکانی گەشتیاری شوێنەواری و کەلتوریدا، ڕێگای نوێ و داهێنەرانە پێشکەش دەکەن بۆ گەڕان و ئەزمونکردن بە نێو شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان، پەیوەندی و شارەزابوون لەگەڵ نەریتە ناوخۆییەکان و باشترکردنی ئەزمونی گەشتکردن بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو. لە ڕێگەی ئەم ئەپلیکەیشنانەوە، هەموو هۆکارەکانی گەشتیاری بەردەوام وەک هۆکاری گواستنەوە و شوێنی مانەوە و خواردنگە و نەخشەی ڕوێنوێنی و وەرگێڕانی زمانەوانی و ڕێنمایی و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر شوێنی مەبەست دەخرێتە بەردەم گەشتیار و ستراتیج و پلانەکانی گەشتکردن بەدیدەهێنن. ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە متمانە پێکراون و ڕوێنوێنیکاری گەشتیاران و بەشوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێن وەک (tripadviser و google travel) هاوکارێکی گرنگی گەشتیارانن لە دۆزینەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان و دەستخستنی زانیاری دەربارەی مێژووی شوێنەواکان و کاتی بەردەست بوونیان بە مەبەستی گەشتکردن بۆیان. هەروەها هەندێک لە پلاتفۆرمەکان وەک (izi.TRAVEL) گێڕانەوەی دەنگی بە زمانە جیاوازەکان پێشکەش دەکەن، ئەمەش یارمەتی گەشتیار دەدات لە کاتی گەشتکردندا زانیاری کەلتووری و مێژوویی شوێنەکە بە زمانی خوازراو تێبگات. ئەپەکانی وەک ( Airbnb Experiences و Viator) گەشتیاران بە کەلتورە ناوخۆییەکان ئاشنا دەکەن. ئەم ئەپانە چەندین چالاکی کەلتوری وەک خواردنی نەریتی، هونەر و فێستیڤاڵە کەلتوورییەکان بۆ گەشتیار پێشنیار دەکەن. ئەمەش یارمەتی گەشتیار دەدات بۆ ئاشنابوون و کارلێککردن لەگەڵ کەلتور و ژیانی رۆژانەی خەڵکی ناوخۆیی ( Hanan, et al., 2024: 162-163; Ammirato et al., 2022: 1944). یەکخستنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لەگەڵ هۆکارە یارمەتیدەرەکانی گەشتکردن و بەستنەوەیان بە تەکنۆلۆجیە جۆراوجۆرەکانی سەردەمەوە، دەتوانێت گەشتوگوزاری کەلەپوری و شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان بباتە نێو بینەرێکی فراوانی جیهانیەوە و کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزاری شوێنەواری دەبێت. ئەمەش پێویستی بە ستراتیج و پلانسازیەکی ڕوون هەیە لە لایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانەوە، دەکرێت هاوشێوەی وولاتانی پێشکەوتوو هەندێک لە شوینە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەنجام بدرێت بە گرێبەستێک لە نێوان دامودەزگا پەیوەندیدارەکان و کۆمپانیا گەشتوگوزاریەکان. بۆ نمونە. ناوچەی مەیدان هەڵکەوتەیەکی گرنگی جوگرافی هەیە و ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری ناوخۆیی و ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق و بیانی سەردانی سنورە دەکەن بۆ چێژوەرگرتن لە دیمەنی سروشتی دڵڕفێنی ناوچەکە، ئەم سنورە دەوڵەمەدە بە بەجێماوی شوێنەواری گرنگ لەوانە هەردوو داتاشراوەی دەربەندی بێلولە و خوشک، بەڵام بەهۆی سەختی ڕێگای گەیشتن بەم دوو شوێنە مێژووییە، نەبوون بە شوێنی مەبەستی گەشتیار بۆ گەشتکردن، لە کاتێکدا دەتوانرێت لە ڕێگەی دروستکردنی پلیکانە و ڕێگەیەکی شیاو بۆ هەڵگەڕان بە شاخەکەدا بۆ سەردانیکردنی دوو شوێنەوارەکە، بکرێن بە دوو شوێنی گرنگی گەشتیاری، ئەم کارەش دەتوانرێت لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە ئەنجام بدرێت بە مەبەستی وەبەرهێنان لەو ناوچەیەدا، لە کاتێکدا لە ئێستادا هاوینە هەوارێکی گرنگە بۆ گەشتیاران و دەتوانرێت لە ڕێگەی وەبەرهێنان لەم شوێنە شوێنەواری و مێژووییانە چالاکی زیاتر بخرێتە بەردەستی گەشتیاران و دەبنە هاندانێکی گرنگ بۆ گەشتکردنی گەشتیاری زیاتر و مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژتر لە ناوچەکەدا.

هاوشێوەی وولاتانی پێشکەوتوو، وەک لە ئیسپانیا (Spain Travel Guide) و ئیتالیا (Italy Travel Guide) دەتوانرێت لە هەرێمی کوردستان کار بکرێت بۆ دروستکرنی ئەپلیکەشنی جۆراوجۆری تایبەت بە گەشتوگوزار و خزمەتگوزاریەکانی وەک وەرگێڕانی زمانەوانی و پێشکەشکردنی زانیاری مێژوویی و کەلتوری بە چەند زمانێکی جیاواز، تۆماری دەنگی سەبارەت بە مێژوو و کەلتور و نەریت لە کوردستان بە زمانە جیاوازەکان پێشکەش بکرێت، هەروەها زانیاری سەبارەت بە هۆکارەکانی گواستنەوە و چێشتخانە و شوێنە گەشتیاریە شوێنەواری و سروشتیەکان و چالاکی و بۆنە و مەراسیم و فیستیڤاڵە ئاینی و نەتەوەییەکان بخرێتە بەردەم بینەری جیهانی. هەردوو ئەپلیکەیشنی ڕێنمایی گەشتی ئیسپانیا و ئیتالیا کۆمەڵێک زانیاری دەربارەی شارەکان و مێژوو و کەلتور و شوێنە شوێنەواری و کەلەپوری و گەشتیاریەکان لەخۆدەگرێت، لە کاتێکدا زانیاریەکان بە زمانی وولاتەکە و ئینگلیزی و چەند زمانێکی دیکە بەردەستە، هەروەها ڕێنمایی دەربارەی چۆنیەتی بەکارهێنانی هێڵەکانی گواستەوەی گشتی و خواردنە کەلتوریەکان و چێشتخانە و ئوتێلەکانی ئەو دوو وولاتەی تێدایە، هەروەها هەر لە ڕێگەی ئەو ئەپلیکەیشنانەوە دەتوانێت بلیتی هێڵەکانی گواستەوە و شوێنە گەشتیاریەکان بکرێت و شوێن لە ئوتێل و ڕێستۆرانتەکان حجز بکات پێش کاتی سەردانیکردن، لە ڕێگەی دابەزاندنی ئەو ئەپلیکەشنانەوە، گەشتیار دەتوانێت زانیاری دەربارەی پێویستیە سەرەکیەکانی گەشتەکەی دەست بخات و لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە پلان و ستراتیجیەتی گەشتەکەی دابڕێژێت (وێنەی ژمارە ٦) (Stefanov, et al., 2023: 62-64).

وێنەی ژمارە٦: ئەپلیکەیشنەکانی ڕێنمایی گەشتیاری لە هەردوو وولاتی ئیسپانیا و ئیتالیا کە بۆ هەردوو سیستمی Android و IOS بەردەستە (توێژەران).







ڕۆڵی زیرەکی دەستکرد و تەکنۆلۆجیای سەردەم تەنها لە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواریدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو لە ئێستا ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ و بەبایەخ دەبینێت لە نۆژەنکردنەوە و چاکسازیکردن لە بینا کەلەپوریەکان و پاشماوە شوێنەواریەکاندا. بە بڕوای ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایان زیرەکی دەستکرد توانای وردی لە شیکاری داتا گەورەکان و دۆزینەوەی ناوچەی زیانلێکەوتوو هەیە لە ڕێگەی مۆدێلی سێ ڕەهەندی (3D)ەوە، مۆدێلەکانی سێ ڕەهەندی لە ڕێگەی تەکنیکی فۆتۆگرامەتری (Photogrammetry)ەوە دەبێت. فۆتۆگرامەتری، تەکنیکێکە لەسەر بنەمای گرتن و پرۆسەکردنی وێنە دامەزراوە، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دروستکردنەوەی مۆدێلە سێ ڕەهەندییەکان لە کۆمەڵێک وێنەی یەکتر بڕی. فۆتۆگرامەتری شوێنە کەلەپووریەکان و پاشماوە شوێنەواریەکان کە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی بە مۆدێلی سێ ڕەهەندی کوالێتی بەرز تۆمار دەکات، تەواوی وردەکاری پێکهاتە ڕەسەنەکان لەخۆدەگرێت. ئەم ڕێگایە چارەسەرێکی کەم-تێچووە بۆ تۆمارکردنی وردەکاریە ئاڵۆزەکانی بینا کەلەپوریەکان و بەجێماوە شوێنەواریەکان (Themistocleous et al., 2015: 312). بەم شێوەیە لە ڕێگەی شیکاری ئەلگۆریزمەکانیەوە، زیرەکی دەستکرد دەتوانێت شیکاری بۆ پێکهاتە ئاڵۆزەکانی بیناسازی بکات و پێشنیاری چارەسەری گونجاو بۆ شوێنە زیانلێکەوتووەکان بدۆزێتەوە، ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگە لە خێراکردنی پرۆسەی دەستنیشانردنی بەشە زیانلێکوتووەکان و پرۆسەی

نۆژەنکردنەوە. لە ڕێگەی شیکاری ئەلگۆریزمەکانی زیرەکی دەستکردەوە دەتوانێت پێشنیاری نۆژەنکردنەوەی پارچە ونبووەکانی بەجێماوێکی شوێنەواری وەک گۆزە و دەق نوسینی مێژوویی و هونەری ڕەنگڕێژی و دیمەنە هونەریەکان بکات، سۆفتوێری ناسینەوەی وێنەی بە زیرەکی دەستکرد بەهێزکراو دەتوانێت بەشە سڕاوەکان یان لەناوچووەکانی دەقێکی نوسینی کۆن یاخود دیمەنێکی هونەری سەر گۆزە و تابلۆکان بناسێتەوە و جارێکی دیکە زیندووی بکاتەوە، بایەخ و گرنگی ئەم تەکنیکە تەنها لە پاراستنی پارچە شوێنەواری و کەلەپوریەکاندا نیە بەڵکو یارمەتی توێژەرانیش دەدات کە دەقە نوسراوەکان و دیمەنە هونەریە لەناوچووەکان بگەڕێننەوە و زانیاری ورد و دروست بخەنە ڕوو (Pansoni et al., 2023: 1150-1151). لە دیارترین ئەو نمونانەی کە لە ڕێگەی زیرەکی دەستکردەوە لە لەناوچوونی یەکجاری پارێزراون و توانراوە دووبارە نۆژەن بکرێنەوە بریتین لە کاسیدراڵی نۆرە دام لە پاریس (Notre Dame Cathedral) دوای ئەوەی بەهۆی ئاگرەوە ڕووبەڕووی وێرانبوون بویەوە، لە ڕێگای شیکاری پاشماوە وێرانبووەکانیەوە. بە بەکارهێنانی ستراتیجی داتاکانی سوپای تێراکۆتا لە وڵاتی سین، توانرا پارێزگاری لە مانەوەی ئەو بەجێماوە شوێنەواریە بکرێت، لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی داتاکانی کەشوهەواوە توانرا کاریگەریە نەرێنیەکانی لەسەر لاگۆنی ڤێنیێز (Venitian Lagoon) لە وڵاتی ئیتالیا بکرێت (Ghaith, 2024: 2)، هەروەها لە ڕێگەی شیکاری وێنە دیجیتاڵیەکانیەوە بە سۆفتوێری ناسینەوەی وێنەی بەهێزکراو بە زیرەکی دەستکرد، توانرا جارێکیتر گۆڕی کاسوبی پاشای بوگاندا کە یەکێکە لە شوێنە کەلەپوریە تۆمارکراوەکان لە لیستی ڕێکخراوی یونیسکۆ دروست بکرێتەوە دوای ئەوەی لە لایەن خۆپیشاندەرانی ئەو وولاتەوە لە ساڵی (٢٠١٠) سوتێنرا و شوێنەواری فیزیکی بە تەواوی سڕابویەوە (Himmelheber, 2916: 57, 61-62). سەرباری دەوڵەمەندی کوردستان و ناوچەی گەرمیان بە پاشماوەی شوێنەواری و کەلەپوری، بەڵام بەشێکی زۆر لەو بەجێماوانە ڕووبەڕووی دارمان و وێرانبوون بونەتەوە و نزیکن لەوەی بەشێوەیەکی یەکجاری لەناوبچن، کەوتونەتە ژێر هەڕەشەی مەترسیە ئاووهەواییەکان و شەڕ و هۆکارەکانی کشتوکاڵکردن و پەرەسەندنی شار و شارۆچکەکان و هەڵکۆڵینی نایاساییەوە. هەربۆیە هەنگاوی خێرا و پێویست بنرێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی تەکنۆلۆجی دامودەزگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە شوێنەوار و کەلەپوری و سود وەرگرتن لە ئامرازەکانی زیرەکی دەستکرد و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو وەبگیرێت لە پاراستن و پەرەپێدانی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان، ئەم هەنگاوە پێویستیەکی هەنوکەییە، چونکە دەتوانێت بەشێوەیەکی خێرا و متمانەپێکراو ڕۆڵی کارا لە نۆژەنکردنەوەی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بگێڕێت و چارەسەری گرنگیان بدۆزێتەوە.

### ٤,٣ مەترسی و ئاڵەنگاریەکانی بەردەم گەشتیاری شوێنەواری:

کەرتی گەشتیاری شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابوری گەورە بوەتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر بوژاندنەوە و پەرەسەندنی بەردەوامی گەشتوگوزار کردووە. لە دیارترین ئەو ئاستەنگانەش، لاوازی بونیادی ژێرخانی ڕێگاکانی گواستنەوە و گەیشتنە بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان، ئەمەش وایکردووە ژمارەیەکی کەمی گەشتیار توانای دەستگەیشتنیان بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان هەیە. بۆ نمونە ئەگەر ناوچەی هەڵکۆڵراوی سەربەردی دەربەندی بێلولە و خوشک بە نمونە وەربگیرێت، ئەستەمە گەشتیار بتوانێت بە ئاسانی بگاتە نزیک شوێنەوارەکان و مەترسی کەوتن و بەربونەوەی گەشتیار وایکردووە ژمارەیەکی کەم ئارەزووی سەردانکردنی ئەو شوینانەیان هەیە (Altaee et al., 2017: 105, 110).

کەمبونەوەی وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتوگوزاری و نەبوونی پلانی بەڕێوەبردنی گونجاو، ڕۆڵێکی نەرێنی دەگێڕێت لە کەمبونەوەی ژمارەی گەشتیاری کەلتوری لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی گەرمیان بە تایبەتی، چونکە زۆرێک لە شوێنە شوێنەواریەکان، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی کە بەستی ئەنجامدانی هەڵکۆڵینی شوێنەواری هەڵبژێردراون، پێویستە وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت و بنەماکانی بە گەشتیاریکردنان تێدا دابمەزرێنرێت، تاوەکو زەمینە سازی بۆ گەشتیاران بکرێت بەمەبەستی ئاگادار بوون لە پرۆسەی هەڵکۆڵین و بینینی دیمەنەکان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، لە هەمان کاتدا ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ بڵابونەوەی هۆشیاری شوێنەواری (Ivanov and Webster, 2007: 379-388).

هەروەها، یەکێکیتر لەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی گەشتوگوزاری شوێنەواری دەبێتەوە بریتیە لە نەبونی دیدگای بەڕێوەبردن و پلانی ستراتیجی. گرنگی بەکارهێنانی سیستمی زانیاری جوگرافی (GIS) و زانستی هەستکردن لە دورەوە کاریگەری ئەرێنی لەسەر دیاریکردنی مەترسیەکانی سەر شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان هەیە و دەتوانرێت پشت بەستن بەم تەکنۆلۆجیانە خوێندنەوە بۆ بارودۆخی داهاتووی بەجێماوە شوێنەواری و کەلەپورییەکان بکرێت. بەڵام بەهۆی کەمی کارمەندی شارەزا و پسپۆڕ لە بواری تەکنۆلۆجیا سەردەمیەکان لە دامودەزگا پەیوەندیدارەکان کاریگەری ئەم تەکنۆلۆجیایانە لاوازە و نەتوانراوە سودیان لێوەربگیرێت.

ئاسایش و ئارامی وولات بە یەکێک لە هەرە گرنگترین هۆکارەکانی بوژاندنەوەی کەرتی گەشتوگوزار بە گشتی و گەشتوگوزاری شوێنەواری بە تایبەتی ئەژمار دەکرێت. ئاستەنگی سیاسی و ناکۆیە هەرێمایەکان کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەکردنی کەرتی گەشتوگوزاری لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە. گروپە چەکداریەکان لەوانە ڕێکخراوی داعش سەرباری ئەوەی سەرچاوەی دروستبوونی مەترسی بوون، لە هەمان کاتدا ڕۆڵێکی نەرێنیان لە تێدان و شێواندنی ناوچە و بەجێماوە شوێنەواریەکان هەبووە، ئەمەش ڕاستەخۆ بونەتە هۆی کەمبونەوەی سەردانکردنی گەشتیارانی بیانی بۆ ناوچە شوێنەواری کەلەپوریەکان و ئەمەش کاریگەری لەسەر ئابوری خۆجێی ناوچە گەشتوگوزاریەکان هەبووە. هەربۆیە بەهێزکردنی ئاسایش و ئارامی وولات و یاسا و ڕێکارە نێودەوڵەتیەکان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی و نارامی سیاسی ڕۆڵێکی چالاکانە دەگێڕێت لە دابینکردنی سەلامەتی سەردانیکەران و گەشتیاران. ئەو شەڕ و نائارمیانەی لە ناوچەکە و دەوڵەتانی دراسێدا هەیە، کاریگەری لەسەر ناو و ناوبانگی هەرێمی کوردستان هەبووە، میدیا و ڕاگەیاندنە جیهانیەکانی وێنەی ئاڵۆز و پڕ لە کێشمەکێشی سیاسیا و سەربازیان خستووەتە بەردەم بینەرانی جیهانی و وێنایەکی گشتیان بۆ تەواوی دەوڵەتە هەرێمایەتیەکان کردووە، هەربۆیە ئەرکی دامودەزگا

حوکمەتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانە کار بکەن بۆ ئاشناکردنی گەشتیاری بیانی بە ئارامی و سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان و لەو تێڕوانینە گشتیە دەری بهێنن کە لەسەر عێراق و ناوچەکە هەیە (Rasaiah, 2016).

ناکۆکی و نائارامی ستراتیج و پلانی دامودەزگا حوکمەتیەکان دەگۆڕێت، و چەندین ئاڵەنگاری دەخاتە بەردەم سیاسەت و بەڕێوەبردن بۆ پەرەپێدانی گەشتیاری وەک کەرتێکی ئابووری بەسود. لە گرنگترین ئەو بەربەستانە لە زۆن و ناوچە ناکۆک و کێشەدارەکان بریتیە لە ژێرخانی ئابوری داروخاو، کەمی خزمەتگوزاری، نەبونی وەبەرهێنانی لە کەرتی گەشتوگوزاریدا، ناسەقامگیری سیاسی، و نەبوونی بەڕێوەبردنی پلاندانراوی گەشتیاری. یەکێک لە نمونە دیارەکان هەرێمی کوردستانە، لە دوای ئەو ئاڵۆزیە سیاسیانەی کە لە نێوان هەردوو حەکمەتی هەرێمی کوردستان و حوکمەتی ناوەند لە بەغداد دروست بوون لە دوای ساڵی ٢٠١٣ەوە هەرێمی کوردستان رووبەڕووی دوو قەیرانی گەورە بویەوە، لە لایەکەوە لە جەنگ و شەڕدا بوو لەگەڵ ڕێکخراوی داعش، لە لایەکی ترەوە توشی قەیرانێکی ئابوری سەخت بویەوە بەهۆی بڕینی بەشە بودجەی لە لایەن حوکمەتی ناوەندیەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەموو سێکتەرە جۆراوجۆرەکان و بە تایبەتی سێکتەری گەشتوگوزاری شوێنەواری هەبوو، بە پێی داتاکانی دەستەی گشتی گەشتیاری حوکمەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی گەشتیاران (٢٧٠، ٩٥٤ ٢) بوو لە ساڵی ٢٠١٣، بەڵام لە ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ ژمارەکە دابەزی بۆ (١،٥٢٩،٤٣٤ ) و (١،١١٧،٥٠١ ) بە ڕێزبەندی، لە ئێستا بەردەوامە لە کەمبونەوە ( Braim, 2016: 5).

نەبوونی ژێرخانێکی بەهێزی هۆکارەکانی گواستنەوە و تەکنۆلۆجی یەکێکی ترە لە بەربەست و ئاڵەنگاریەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری کەلتوری لە هەرێمی کوردستان. ڕێگا و بان و هۆکارەکانی گەیشتن بە ناوچە شوێنەواری و کەلتوریەکان و سیستمێکی بەهێزی تەکنۆلۆجی کە هەموو هۆکارە گەشتیاریەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بەردەوام بۆ ناوچەکە، بەڵام ڕێگاکانی گەیشتن بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان دژوارە و هێڵی گواستنەوەی گشتی دواکەوتووە، نەبوونی هێڵی شەمەندەفەر و سیستمێکی پێشکەوتووی ڕێگاوبان و هۆکاری گواستنەوەی پێشکەوتوو کە بەسترابێتەوە بە سیستمێکی ئینتەرنێتی پێشکەوتووەوە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە هێشتا سەرباری دەوڵەمەندی و جۆراجۆری کەلتور و شوێنەوار و کەلەپوریەکەی، بەڵام کوردستان نەبووە بە ناوچەیەکی گەشتیاری جیهانی ( Braim, 2016: 7).

بەشێکی زۆر لە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان لە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی وێران بوون و لەناوچوون بونەتەوە. لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە مەترسین بۆ سەریان بریتین لە هۆکارە سروشتیەکان و شەڕ و ململانێ سەربازیەکان و تاڵانی و هەڵکۆڵینی نایاسایی و گەشەکردن و گەورەبوونی شارەکان. هەروەها، گەشتوگوزار بە گشتی و گەشتوگوزاری شوێنەواری بە تایبەتی، نەبووەتە بەشێک لە پلان و ستراتیجی ئابوری حوکمەتی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە پلەی یەکەم گرنگی بە نەوت و سەرچاوە سروشتیەکان دەبەستێت (Braim, 2017: 116-117)، ئەمەش وایکردووە کە کەمترین وەبەرهێنان لە بواری گەشتوگوزاری شوێنەواریدا ئەنجام بدرێت و کار بکرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسیانەی کە ڕووبەڕووی شوێنە شوێنەواریەکان دەبنەوە. بۆ نمونە، لە نێو دامودەزگا ئەمنیەکاندا پێویستە یەکەیەکی تایبەت بە کاروبارەکانی پاراستنی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان هەبێت کە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی شوێنەوار و کەلەپوردا هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی شێواندن و تێکدانی شوێنە شوێنەواریەکان، بۆیە ئەرکی حوکمەتە کار بکات بۆ دابینکردنی پۆلیسی ڕاهێنراوی تایبەت بە پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور، هەروەها جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکان لە یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠٢١)، بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبونەوە و ڕێگریکردن لە تێکدانی شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان بە هۆکاری کشتوکوڵکردن یاخود دروستکردنی بینا و ڕێگاوبان یاخود هەر مەبەستێکی دیکە. هەروەها پێویستە ساڵانە بەشە بودجەیەکی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی بینا و بەجێماوە شوێنەواری و کەلەپوریەکان دابین بکرێت، ئەو شوێنانەی هۆکارە سروشتیەکان زیانیپێگەیاندوون، چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

### ئەنجام وراسپاردە:

لە ئەنجامی نووسینی ئەم توێژینەوەیە گەیشتین بەم خاڵانەی خوارەوە:

١- یەکخستنی شوێنە شوێنەواریەکان و بەستنەوەی بە تۆڕێکی تەکنۆلۆجی سەردەمەوە هۆکارێکی بەهێزە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاری بیانی، ئەمەش هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و ڕەخساندنی هەلیکار.

٢- گەشتیاری شوێنەواری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە پاڵپشتی کردنی بەردەوام بۆ کەرتی گەشت و گوزار لە هەرێمی کوردستان، چونکە هەرێمی کوردستان بە لانکەی شارستانیەتە کۆنەکان دادەنرێت هەر بۆیە خاوەنی شوێنی شوێنەورای وکەلەپوری جۆراو جۆرە.

٣- وەبەرهێنان لە کەرتی گەشتیاری شوێنەواری سوودی ئابووری و کۆمەڵایەتی گەورە بەدەستدەهێنێت، لە ڕێگای پێشوازی کردن لە گەشتیاران و گرنگی دان بە هۆشیاری کەلتوری ومێژووی.

٤- وەبەرهێنانی زیاتر لە نۆژەنکردنەوە و پاراستنی شوێنە شوێنەوارییەکان بەهای گەشتیاری زیاتر دەبێت بۆ جێماوە شوێنەوارییەکان، ئەمەش هاندەرێکە بۆ گەشتیاران بۆ گەڕان بە دوای ناوچە جیاوازەکاندا، بەتایبەتی بۆ ئەو شوێنانەی کەمتر ناسراون.

٥- گەشتیاری شوێنەواری بە یەکێك لە بوارە گرنگەکان دادەنرێت کە توانای هەیە بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی گەشەپێدانی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان بە گشتی لەبەر دەوڵەمەندی لە هەبوونی شوێنی شوێنەواری گرنگ ودێرین.

٦- پێویستە ستراتیژی کاریگەر بگیرێتەبەر بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری شوێنەواری، لە ڕێگای هەماهەنگی لەگەڵ پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە و وەبەرهێنەری ناوخۆیی ونێودەوڵەتی.

٧- بە مەبەستی گرنگی بە پاراستن وشوێنە کەلەپوری وشوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێت لە ناوەندەکانی خوێندنەوە دەستی پێبکرێت و نەوەکانی داهاتوو لە بایەخ و گرنگی شوێنە شوێنەواری کەلەپوریەکان ئاگادار بکرێنەوە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی هۆشیاری شوێنەواری لە ناوەڕۆکی پەرتووکی ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا.

٨- دەکرێت سوود وەربگیرێت لە ڤیستیڤاڵ و کۆڕو کۆنفرانس وسیمپۆزیۆم بۆ گرنگی دان بە ناوچە شوێنەواری و کەلەپوریەکان وسەرنجی خەڵکی بە لای گرنگی ئەو ناوچانە ڕابکێشرێت.

٩- گەشتوگوزاری کەلتوری پێویستی بە کارمەندی خاوەن بڕوانامە و شارەزایی هەیە بۆ کارکردن لەم کەرتەدا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی ناوچە شوێنەوارییەکان وپێشکەش کردنی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر بۆ گەشتیاران کە دەبێتە کلیلی ڕاکێشانی گەشتیاری بەردەوام. هەربۆیە، دامودەزاگا حوکمی تایبەتەکان پێویستە پەیمانگا و دامەزراوەی جیاواز بۆ ڕاهێنان و پەروەردە دابمەزرێنن لە پێناو بەرهەمهێنانی هێزی کاری ڕاهێنراو، شارەزا و کارامە.

١٠- پێویستە سیستمی ڕێگاوبان و گواستنەوە بۆ گەیشتن بە شوێنە شوێنەواری و کەلەپوریەکان کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەرەپێدان و گەشتیاری بەردەوام هەیە پەرەی پێبدرێت.

١١ گرنگترین ڕێگای بەبازاڕکردن لە گەشتیاری کەلەپوریدا کە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی گەشتیار هەیە بریتیە لە بەکارهێنانی سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان وەک ڕێگاکانی گەڕان، سەرچاوە ئۆنلاینەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر گەشتکردن بۆ شوێنێک. ئەمەش وایکردووە کە وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوە نزیکەکانی پەیوەندی (strong-tie sources) بە کاریگەرتر دەبینرێت لەسەر بڕیاردانی گەشتیار و سەردانیکەران وەک لە زانیاری بەدەستهاتوو لە سەرچاوە بازرگانی و پەیوەندی لاواز (weak-tie sources). هەربۆیە پێشنیار دەکرێت، لایەنە پەیوەندیدارەکان وەک ڕێگایەکی خێرا و کاریگەر بۆ بوژاندنەوەی گەشتیاری کەلەپوری لە هەرێمی کوردستان و گەرمیان گرنگی بە پێشخستنی سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان بدەن بۆ ناساندن و بڵاوکردنەوەی بەهای مێژوویی و گەشتیاری شوێنە شوێنەواری و کەلتوریەکانی ئەم ناوچەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. الأحمد، سامی سعید، ١٩٨٣ المعتقدات الدینیه فی العراق القدیم، بغداد.
2. الساعدی، علیه حسین علی، ٢٠٢٣، التحلیل الجغرافی السیاسی للسیاحه فی العراق واپرها فی قوة الدولة أطروحة دکتوراه فی الجغرافیا السیاسیة، جامعة کربلا.
3. الطالبی، جمعه، ٢٠١٨، " دور التقنیات والعلوم التطبیقیة فی تطویر علم الاثار"، مجلة الآداب / العدد ٤٢١، ص ٢١١-٢٢٨.
4. الطاهر، نعیم، والیاس، سراب، ٢٠١٢، مبادئ السیاحه، دار المسیره للنشر، الأردن، الطبعة الثانیه.
5. العبیدی، بنیل مد الله، ٢٠٢٢، حمایة الموروث الثقافی وفقا لمصادر القواعد القانونیه, مؤتمر عن الأوجه القانونیه لحمایه الموروپ الپقافی العراقی، ٢٨ (١ )، ص ٣١-٤٧.
6. العزاوی، رنا مزاحم، ٢٠٢٤، التطور التکنولوجی وتأثیره علی النمو السیاحی فی اقلیم کردستان العراق لعام ٢٠٢٣، مجلة کلیة التربیة، جامعة واسط، عدد ٥٦, مجلد ٢، ص ٤٠٧-٤٢٥.
7. الغویرین, أیمن محمد سلمان, ٢٠٢٤، التوجهات الحدیثة فی السیاحة المجتمعیة و دور البلدیات فی دعمها عبر تطویر المواقع الاثریة، مجلة المجتمع العربی لنشر الدارسات العملیة الإصدار، ٧٦ (١١), ص ٤٥٩-٤٧٨.
8. القریشی، زهیر عباس وطالب، هادی, ٢٠١٦, تأثیر الوعی السیاحی فی تنشیط السیاحه الپقافیه ، دراسه میدانیه لابرز مقومات الجزب السیاحی الاثری فی مدینه بابل، مجله بیت الحکمه، ١-١٢.
9. الدمنهوری, سهیر حسین إبراهیم، ٢٠١٠، السیاحه الثقافیة و الأثریة و تدعیم الهویة و الإنتماء " دراسه اپنوجرافیه ", اساث فی اپار الوگن العربی, عدد ١٢، ٢٠٢٣-٢٠٦٩.
10. ئەنوەر، کەیوان ئازاد، ٢٠١٩، مێژووی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
11. باحەڵان، سوارە حسن، ٢٠١١، مێژووی کەلار، چاپی یەکەم، سلیمانی.
12. باقر، طه و فواد سفر، ١٩٦٦، المرشد الی مواطن الاثار والحضارة ، رحلة السادسة، بغداد – حلبجة، بغداد.
13. تیزینی، طیب، ٢٠٠٨، مفهوم التراث العالمی. مدخل باتجاه التأسیس. مجله عالم الفکر، العدد ٤.
14. حنا، طلال سالم، ٢٠٠٣، "تطویر المواقع االاثریة"، مجله التربیه للعلوم الإنسانیه ٣، ص١-٤٠.
15. خوسیه لویز بیدروسولی جونیور، ٢٠١٦، دلیل اداره المخاطر, للتراث الثقافی، ترجمه ماری عوج، ص ٢٧-٤٧
16. دیوانی مەولەوی، ١٣٨٤، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، چاپی سێیەم، انتشارات کوردستان، سنندج.
17. ڕاپۆرتی بەشی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارو کەلەپووری گەرمیان، ٢٠٢٣، (دۆزینەوەی هەڵکراوێکی نوێ لە چیای خوشك).
18. ڕێبەری شوێنەوارەکانی گەرمیان، ٢٠١٤.
19. صالح، بهرم محمود و الصفار، احمد سلیمان یاسین, ٢٠٢١، أثر الاستثمار السیاحی فی تنویع مصادر الدخل فی اقلیم کوردستان العراق للسنوات ٢٠٠٣-٢٠١٨, مجله العلوم الإنسانیه جامعه زاخو، مجلد ٩ ، العدد ٣ ، ص ٦٢١ -٦٣٢.
20. کریم، محمد علی، ٢٠١٤، کۆشکی محمود پاشای جاف،گۆڤاری سوبارتو، ژ/٨.
21. کریم، محمد علی، ٢٠٢٢، کۆشکی مەحمود پاشای جاف، بڵاوکراوەی تایبەت بە یادی کەلار، ژمارە 6.
22. محمد ابو محاسن عصفور, ١٩٨٧، معالم حضارات الشرق الادنی القدیم، بیروت.

23. مديرية الأثار العامة، ١٩٧٠، المواقع الأثرية في العراق، بغداد.
24. معروف، کەمال نوری، ٢٠٠٧، ڕاپۆرتی بەشی پشکنینی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان، کاری کنە و پشکنین و پاکردنەوەی پەرستگای زەردەشتی لە دەربەندیخان.
25. ملوخيه، أحمد فوزى , ٢٠٠٧ , التنميه السياحيه، دار الفكر الجامعى، الإسكندريه، ص٢٣-٢٨ .
**26.** هرمز، نورالدين، ٢٠٠٦، التخطيط السياحى والتنميه السياحيه, مجله جامعة تشرين للدراسات والبحوث العلمية، سلسله العلوم الاقتصادية والقانونية المجلد (٢٨) العدد ٣، ١١-٢٢.
27. Al-Barzngy, Mohamed Yahya Mohamed, Khayat, Mahmood Ahmed Bakr. 2023, "Preserved built heritage assessment as dead or living: An assessment study regarding built heritage safeguarding approaches in Erbil". International University of Sarajevo.
28. Altaee, H. H. A., Tofiq, A. M., & Jamel, M. M. 2017. Promoting the tourism industry of Kurdistan region of Iraq (Halabja province as a case study). *Journal of Tourism and Hospitality Management*, *5*(1), 103-111.
29. Ammirato, S., Felicetti, A. M., Linzalone, R., & Carlucci, D. 2022. Digital business models in cultural tourism. *International Journal of Entrepreneurial Behavior & Research*, *28*(8), 1940-1961.
30. Ammirato, S., Felicetti, A.M., Linzalone, R. and Carlucci, D., 2022. Digital business models in cultural tourism. International Journal of Entrepreneurial Behavior & Research, 28(8), pp.1940-1961.
31. Ardianto, E. 2019. Culture, Technology, and Tourism (CTT) Theory: An Ontological Perspective. GARUDA (Global Reasearch on Tourism Development and Advancement). 1(1), 50-61.
32. Ashworth, G. J., Graham, B., & Tunbridge, J. E. 2007. *Pluralising Pasts: Heritage, Identity and Place in Multicultural Societies*. Pluto Press.
33. Braim, K., McCabe, S., Rickly, J. M., & Gadi, M. 2016. Managing cultural tourism in post-conflict areas: the Kurdistan Federal Region, Iraq. *Tourism Today*, (16): 4-9.
34. Braim, K., McCabe, S., Rickly, J. M., & Gadi, M. 2017. Managing cultural tourism in post-conflict areas: the Kurdistan Federal Region, Iraq. Tourism Today: The Journal of the College of Tourism and Hotel Management, 111-130 .
35. Brida, Juan Gabriel, Marta Meleddu, and Manuela Paulina. 2013. The Economic Impacts of Cultural Tourism. In The Routledge Handbook of Cultural Tourism, ed. Melanie Smith and Greg Richards, 110 115. New York: Routledge.
36. Buhalis, D., Owen, R., Pletinckx, R. 2006. ICT applications for World Heritage Site Management, in Leask, A., & Fyall, A. Heritage Site Management, Butterworth-Heinemann, London, pp.125-144.
37. Buonincontri, P., A. Marasco, 2017. Enhancing Cultural Heritage Experiences with Smart Technologies: An Integrated Experiential Framework. European Journal of Tourism Research 17, pp. 83-101
38. Cereti, C. G., Colliva, L., Terribili, G., & Vassalli, M. 2019. The Monument of Paikuli: The Activities of the Italian Archaeological Mission in Iraqi Kurdistan, Past and Present. In *Proceedings of the 3rd International Scientific Conference; Archaeology and Heritage of Kurdistan* (pp. 725-734).
39. Choi, HwanSuk Chris, and Ercan Sirakaya, 2006, "Sustainability indicators for managing community tourism." Tourism management 27.6, 1274-1289.
40. Chong, K. Y., & Balasingam, A. S. 2019. Tourism sustainability: Economic benefits and strategies for preservation and conservation of heritage sitesin Southeast Asia. *Tourism Review*, *74*(2), 268-279.
41. Çınar, K. 2021. Role of Mobile Technology for Tourism Development. In (eds) Hassan, A. and Anukrati. S. The Emerald Handbook of ICT in Tourism and Hospitality. Emerald. Pp. 273-288.
42. Davis, A. and Prentice, R. 1995. Conceptualizing the Latent Visitor to Heritage Attractions, Tourism Management, 16(7), pp. 491 – 500.
43. Drewett , P.L 2004. Field Archaeology, An Introduction, London.
44. Eman Mohamed Alhawty, 2021, Integration between sustainable architecture and Islamic heritage in Egypt’s tourism facilities, Journal of Architecture, Arts and Humanistic Science, The Arab Association of Civilization and Islamic Arts, Volume 6, Issue 2. 417-438.
45. Febianti, C., Fajarwati, A. A. S., & Rachmayanti, I. 2021. The adaptive reuse heritage building for fashion space: A strategy of sustainability. In *IOP Conference Series: Earth and Environmental Science* (Vol. 729, No. 1, p. 012018). IOP Publishing.
46. Ghaith, K. 2024. AI integration in cultural heritage conservation–Ethical considerations and the human imperative. *International Journal of Emerging and Disruptive Innovation in Education: VISIONARIUM*, *2*(1), 6.
47. Gražulevičiūtė, Indrė “Cultural Heritage in the Context of Sustainable Development”, Environmental research, engineering and management, 2006. No 3(37), 74-79.
48. Guttentag DA. 2010. Virtual reality: applications and implications for tourism. Tour Manag 31:637–651. https://doi.org/10.1016/j.tourman.2009.07.003
49. Hanan. A., Dina. A and McCloskey, R. 2024. The Impact of Mobile Applications in Enhancing the Tourist’s Experience (A Case Study in Egypt). *المجلة العربية لبحوث الاتصال والإعلام الرقمي*, *3*(6).
50. Himmelheber, C. 2016. Kasubi Tombs: Reconstruction of a World Heritage Site in Uganda21. *Journal of Peace and Security Studies*, 57: 57-73.

51. Ivanov, S., & Webster, C. 2007. Measuring the impact of tourism on economic growth, Tourism Economics, 13(3), 379-388.
52. Jamal, Aihan, Mohammed, Jambally. 2015, "Zawa Mountain Masterplan: A Potential Contributor to Building Image and Identity of Duhok City". The International Institute for Science, Technology and Education (IISTE).
53. Kaim, B. 2004. “Ancient Fire Temples in the Light of the Discovery at Mele Hairam.” Iranica Antiqua XXXIX: 324–337.
54. Katerina Kiro and other, 2012, Planning of Sustainable Tourism Development, Procedia - Social and Behavioral Sciences 44, 210–220.
55. Moradi, Y., & Keall, E. J. 2020. The Sasanian fire temple of Gach Dawar in western Iran: new evidence. *Iran*, *58*(1), 27-40.
56. Ocampo, M. & Delgado, p. 2014. Basic Education & Cultural Heritage: Prospects and Challenges. International Journal of Humanities & Social Science, 4 (9), 201 – 209.
57. Pansoni, S., Tiribelli, S., Paolanti, M., Di Stefano, F., Frontoni, E., Malinverni, E. S., & Giovanola, B. 2023. Artificial intelligence and cultural heritage: Design and assessment of an ethical framework. *International Archives Of The Photogrammetry, Remote Sensing And Spatial Information Sciences*, *48*, 1149-1155.
58. Paul Taçon, Sarah Baker 2019 "New and Emerging Challenges to Heritage and Well-Being: A Critical Review", 1300-1315
59. Rasaiah, J. 2016, The Future of Tourism in Iraqi Kurdistan: Opportunities and Challenges. MERI Policy Brief. vol. 3, no. 7.
60. Sinclair, M.T. 1998, Tourism and Economic Development A Survey, Journal of Development Studies, 14 (5), June, 1-51.
61. Smith, A. D. 1991. *National Identity*. University of Nevada Press.
62. Stefanov, T., Varbanova, S., Stefanova, M., & Tsenkova, Y. 2023. Mobile Applications for Cultural Tourism–Past, Present, and Future. Criteria for a Successful Mobile App. *International Journal of Interactive Mobile Technologies*, *17*(24).
63. Sulima, M. 2022. The role of education in the protection of cultural heritage (on the example of the project “Journey through wooden Podlasie”). *Kultura i Edukacja*, *136*(2), 9-28.
64. Themistocleous, K., Ioannides, M., Agapiou, A., & Hadjimitsis, D. G. 2015. The methodology of documenting cultural heritage sites using photogrammetry, UAV, and 3D printing techniques: the case study of Asinou Church in Cyprus. In *Third International Conference on Remote Sensing and Geoinformation of the Environment (RSCy2015)* (Vol. 9535, pp. 312-318).
65. Tussyadiah IP, Wang D, Jung TH, tom Dieck MC, 2018. Virtual reality, presence, and attitude change: empirical evidence from tourism. Tour Manag 66, 140–154. https://doi.org/ 10.1016/j.tourman.2017.12.00
66. Valčič, M., & Domšić, L. 2012. Information technology for management and promotion of sustainable cultural tourism. *Informatica*, *36*(2).
67. Vang-Roberts, Andrew N. 2021. "Impacts of Politicization and Conflict on Archaeological Resources: An Analysis of Trends in Iraq". UWM Digital Commons.
68. Verka JovanovićVerka JovanovićAngelina NjegušAngelina Njeguš, 2008. "The Application of GIS and its component in Tourism", Journal of Operations Research 18(2), 261-272.
69. Verkerk, V. A. 2022. Virtual Reality: A Simple Substitute or New Niche?. In *Information and Communication Technologies in Tourism 2022: Proceedings of the ENTER 2022 eTourism Conference, January 11–14, 2022* (pp. 28-40). Springer International Publishing.
70. Zadel, Z., & Bogdan, S. (2013). Economic impact of cultural tourism. *UTMS Journal of Economics*, *4*(3), 355-366.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-11

# Revitalizing archaeological and heritage sites to promote sustainable cultural tourism

## *(A Case study of Garmiyan region)*

**Ari Khalil Kamil [1],Ali Mohammed Amin [2],Zhyar Siddiq Ramadan[3] ,Mohammed Ali Karim [4]**

1 Department of Archaeology, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region-Iraq
2 Department of History, College of Education, Garmian University, Kurdistan Region-Iraq
3 Department of Archaeology, College of Humanities, University of Duhok, Kurdistan Region-Iraq
4 Garmian Archeology and Culture Directorate, Kurdistan Region-Iraq

**Article Info**

| Received | April 2025 |
|---|---|
| Accepted | May 2025 |
| Published: | August 2025 |

**Keywords**

**Tourists, monuments, culture, development, income.**

**Corresponding Author**

**abstract**

This study highlights the development of archaeological and heritage sites in the Garmian region and their utilization to revitalize cultural tourism. The selected archaeological sites of historical and touristic significance in the region include: (Mahmud Pasha Jaff's Palace in Taza De, the rock carvings of the Bellula Pass and Khoshk Mountain in the Maydan sub-district, the Tombs of Sayid Khalil in Kalar, and the Zoroastrian Temple in Darbandikhan). This study attempts to identify the factors influencing the growth of cultural tourism and services to attract more visitors and tourists to the Garmian region, thereby increasing local income based on qualitative and quantitative data from archaeological revenues and tourist feedback. Special emphasis is placed on evaluating the role of the local community in this sector. The study aims to reach significant conclusions regarding the role of economic infrastructure development including transportation and accommodation as well as improving the quality of tourism services in boosting tourism in the Garmian region. These factors are crucial in attracting tourists, enhancing their experience, and simultaneously increasing residents' income. The significance of these findings lies in providing a clear vision for relevant stakeholders to guide tourism planning and establish an effective strategy for archaeological tourism in the region. This would contribute to diversifying income sources and improving economic well-being. The implications of this study extend beyond cultural tourism and could be valuable for other sustainable development policies in the Kurdistan Region. This is reflected in integrating cultural and historical factors into development processes.